# کەرکوکی نوێ

kerkukynwe

نیومانگییەکی سیاسی گشتییە ، مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکی ( ی.ن.ك ) دەریدەکات

ژمارە ( ٧٠ ) یەك شەممە ١/ ١١/ ٢٠٠٩

fhm_k2003@yahoo.com


## خوێندکارانی دەرچووی ئەمساڵ پاش قۆناغی دووەم دەتوانن بۆ کەرکوك بگەڕێنەوە

پاش ئەوەی ناوی خوێندکارانی دەرچووی ساڵی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩ بڵاوکرایەوە ناوی زۆرێك لە خوێندکارانی کەرکوك لە زانکۆی شارەکانی تر دەرچوە، خوێندکارانیش بەم ئەنجامە نیگەرانن .

(کەرکوکی نوێ) بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی کرد بە دکتۆر عومەر نەجمەدین جێگری سەرۆکی زانکۆی کەرکوك بۆ کاروباری خوێندکاران پییێراگەیاندین کە:" بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای بەغدا خوێندکارانی دەرچووی ئەمساڵ پاش ئەوەی قۆناغی یەکەم تەواو دەکەن‌و دەچنە قۆناغی دوو واتە لە ١٥ /٧ /٢٠٠١٠ دەتوانن داوای گواستنەوە بۆ کۆلێژەکانی زانکۆی کەرکوك بکەن بەمەرجێك لەهەمان ئەو کۆلێژەدا بخوێنن کە تێیدا وەرگیراون "

وتیشی:"خوێندکارانی پارساڵ ئەو داوایەیان پێشکەش کردووەو ڕەزامەندی لەسەر کراوە"

# وەزارەتی کارەبای بەغدا دوو تۆربایین لە دوبز فەرامۆش دەکات

**کەرکوك نوێ ـ تایبەت**

دوو تۆربایینی کارەبا کە توانای پێدانیان دەگاتە ٢٥٠ میگا وات بەهۆی هۆکاری سیاسی لەلایەن وەزارەتی کارەبای بەغداوە پشتگوێ‌و فەرامۆشکراوەو بودجە بۆ دامەزراندنی دابین ناکا.

سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای کەرکوك کە پێی باش نەبوو ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (کەرکوکی نوێ)ی ڕاگەیاندکە:"لە ساڵانی ٢٠٠٠ ەوە دوو تۆربایین بە وزەی ٢٥٠ میگا وات بۆ کەرکوك دابینکراوە، بەڵام هەر ئەو کات پێش گەیشتنی بۆ شاری کەرکوك لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کارەبای نەجەفەوە دەستیبەسەردا گیراو گوازرایەوە بۆ نەجەف".

وتیشی:"بەڵام ساڵی ٢٠٠٦ پاش هەوڵ‌و تەقەلایەکی زۆر توانرا بهێنرێتەوە بۆ کەرکوك، کە ئێستا ئەو دوو تۆربایینە لە فەرمانگەی کارەبای دووبزە"

هەر ئەو سەرچاوەیە ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە:" بۆ دامەزراندنی ئەو دوو تۆربایینە بڕی ٢٠٠ هەزار دۆلار



پێویستە کە ئەمەش بە بەرارود لەگەڵ ئەو بۆندانەی کەوەزارەت بۆ کڕینی کەرەستەی یەدەگ خەرجی کردوون کە بڕەکەی (٣٠) ملیۆن یۆرۆیە لە خەزێنەکانی وێزگەی تازە داندراون زۆرکەمە، لەکاتێکدا زۆربەی ئەوکەرەستانە لە خەزێنەکانی کارەبای کەرکوکدا هەن‌و پێویست نین" ڕوونیشکردەوە:

" کە بەڕای من لەبەر ئەوەی لەو جۆرە بۆندانەدا کە بەهاکانی بڕی پارەی زۆری تێدایەو بواری گەندەڵیی زیاترە، بەڵام لە ٢٠٠ هەزار دۆلار ناتوانرێ گەندەڵی بکرێ، هەروەها پێموایە مەبەستی سیاسیشی لە پشتەوەیە" .

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشدا کە:"لەساڵی ٢٠٠٣ ەوە تاکو ئێستا زیاتر لە (٢٠)ی کارەبای پڕۆژەی زەبەلاح لە شارەکانی تری عێراقدا ئەنجامدراوە، کە کەرکوك لێیان بێبەشە".

شایەنی باسە کێشەی نەبوونی کارەبا لەکەرکوکدا یەکێکە لەکێشە سەرەکی‌و چارەسەرنەکراوەکان.

## بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی کەرکوك:

## تەنها یەك حاڵەتی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز لە کەرکوکدا تۆمارکراوە

**تایبەت (کەرکوکی نوێ)**



لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی(کەرکوکی نوێ)دا د. سەباح ئەمین داودی ڕایگەیاند: بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز چەندین ڕێوشوێن گیراوتەبەر وەکو دابینکردنی دەرمانی چارەسەری نەخۆشییەکە لە هەموو نەخۆشخانەکان، دابینکردنی شوێنی‌و دابڕاو لە نەخۆشخانەکان، هەروەها دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ تاقیکردنەوە تاقیگەییەکان.

وتیشی:"لە چەند ڕۆژی ڕابردودا بڕێکی زۆری تر لەو دەرمانانەمان پێگەیشت کە بەشی هەزارەها نەخۆش دەکا"

سەبارەت بە بڵاوبونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای بەرازیش دکتۆر سەباح ئاماژەی بەوەدا کە"لە شاری کەرکوك تەنها یەك حاڵەت تۆمارکراوە لە ڕۆژی ٣٠ /٧ /٢٠٠٩ کە ئەو نەخۆشەش چارەسەری بۆ کراوەو چاکبوەتەوە".

هەر لەمیانی ئەو چاوپێکەوتنەدا بەڕێوەبەری گشتی داوای لە هاوڵاتیان کرد کە لەهەر کەموکوڕییەکی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان ئاگاداریان بکەنەوە.

**تەواوی چاوپێکەوتنەکە لە ژمارەی داهاتوودا بخوێنەرەوە.**

# عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوك داوا دەکەن هەڵبژاردن لە کات و ساتی خۆیدا ئەنجام بدرێت

لە خۆپێشاندانێکدا لە شاری کەرکوك، کە سەرجەم نەتەوەکانی شارەکە کورد وعەرەب وتورکمان وکلد وئاشوری تێیدا بەشداربوون، داوایان دەکرد کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە شاری کەرکوك لە کات وساتی خۆیدا وەکو شارەکانی تر ئەنجامبدرێ.

لەو خۆپێشاندانەدا کە سەدان کەس لە نوێنەری نەتەوە جیاجیاکان‌و چین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکانی شاری کەرکوك کە لە بەردەم مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی کەرکوکی (ی.ن.ك) سازیاندا، داوایان لە بەڕێزان سەرۆك مام جەلال وسەرۆکی حکومەت نوری مالکی و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەیاد سامەرائی کرد، کە شاری کەرکوك وەك شارەکانی تری عێراق، دەست بەکار بێت بۆ خۆئامادە کردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.




جێگای ئاماژە بۆ کردنە لەو خۆپێشاندانەدا کە چەنین دروشم بەرز کرابوونەوە داوا کرابوو کە پێویستە هەڵبژاردن لە کەرکوك

ئەنجام بدرێت و بەهیچ شێوەیەك دوانەخرێ‌و ئەو هەڵبژاردنەش بۆ کەرکوك بە لەنگەری ئارامیی شارەکە دەزانن. جێی ئاماژەپێکردنە چەندین وتار لەلایەن نوێنەرانی نەتەوەکانەوە خوێندرانەوە، کە جەختیان لە برایەتی و تەبایی نێوان نەتەوەکانی کەرکوك دەکردەوەو هەروەها پشتگیری خۆیان بۆ ئەو هەوڵانە نیشاندا کە دەیانەوێت هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی عێراق لە شارەکە لە کات وساتی خۆیدا ئەنجام بدرێ.

شایانی باسە هەندێ لایەنی تورکمان وعەرەب لە پەرلەمانی عێراق هەوڵ دەدەن کۆسپ بخەنە ڕێگای ئەنجام دانی ئەو هەڵبژاردنە بە پێی ووتەی یەکێك لە بەشداربووانی خۆپێشاندانەکە ئەمە وەڵامی ئەو لایانەیە کە ئاستەنگن لە بەردەم ئەو پرۆسەیەدا.

## بەڕێوەبەری هۆبەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکوك:

# گروپەکانی ڕفاندن .. گروپی تیرۆریستیی‌و چەتەکانن

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەك هاوڵاتی لە گەڕەکەکانی کەرکوك ڕفێندراون کە توانراوە هەندێکیان لەلایەن پۆلیسەوە ئازاد بکرێن‌و چەند کەسێکیش سەر بەو باندو گروپانەی ڕفاندن دەستگیر بکەن.

عەقید یادگار لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (کەرکوکی نوێ)ی ڕاگەیاند:"ئامانج لە تاوانەکانی ئەو ڕفاندن‌و دزییانە کە لەلایەن چەند باندو گروپێکی چەتەگەر(عصابە)و تیرۆریستەوە لە چەند گەڕەکێکی شاری کەرکوك لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەنجامدراوە، ئەمەش هەوڵێکی تری تیرۆریستانە بۆ شێواندنی باری ئارامیی‌و نانەوەی پشێوی لە شاری کەرکوك"

وتیشی:"پێدەچێ تیرۆریستان کۆمەکی باندە چەتەگەرەکان بکەن بەمەبەستی خۆشاردنەوەو سەرلێشێوان"

عەقید یادگار جەختیی لەوە کردەوە ڕوونیشیکردەوە:"دەزگای پۆلیس لەبەرامبەر هەر هەنگاوو تاکتیکێکی تیرۆریستاندا، کاردانەوەو دژە پلانی هەبووەو توانییویەتی پلانەکانی تیرۆریستان پوچەڵ بکاتەوەو ڕێگە لە تاوانکارییەکانیان بگرێ"

کە بەپێی ئەو بەڵگانەی دەستیان کەوتوەو دەستگیرکراوەکانیش دانیان پێداناوە ئەم تاوانانە لەلایەن گروپە تیرۆریستیەکانی وەکو جیهادی ئیسلامی ئەنجامدراوە"

ئاماژەی بەوەشدا کە :"شاردنەوەی زانیاری لەلایەن کەس‌و کاری ڕفێندراوەکانەوە، زیان بە هەوڵەکانی ڕزگارکردنی ئەو قوربانیانە دەگەیەنێ لەلایەن پۆلیسەوە، هەرچەندە کەس‌و کاری ڕفێندراوەکان مافی خۆیانە قورانییەکانیان بپارێزن لە هەر چەشنە مەترسییەك، کە ڕەنگە ئەوان بە مەترسیی بزانن، بەڵام لەدواجاردا تیرۆریستان سوودمەند دەبن".

# بێبەش کردنی ( ٢٧٠ ) خێزان لە مووچەی چاودێریی کۆمەڵایەتی

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو داوایەی پارێزگای کەرکوك ڕەتدەکاتەوە کە ٢٧٠ بێوەژن کە یاسای باری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، مووچەکانیان بۆ خەرج بکرێ.

لەو بارەیەوە جێگری پاریزگاری کەرکوك بە وەکالەت بە دەزگای (قەڵا)ی ڕاگەیاند:" وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو داخوازیەی ڕەتکردینەوە کە درێژکردنەوەی موچەی ئەو کەسانە بەردەوامبێ کە یاسای چاودێریی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، ئەمەش بووە هۆی بێ بەش بوونی ٢٧٠ بێوەژن لە شاری کەرکوك."



شەرعیەتی بڕیاری سیاسی

ل٣...



تەرمی منالە شەهیدێك وندەبێ

ل٤...



شەهید کاکۆ دوبزی

ل٥...

# هەڤاڵ رەفعەت عەبدوڵڵا پێشوازی لە وەفدێكی حیزبی زەحمەتكێشان و خەڵات پێشكەش یانەی سۆلاف دەكات

هـەڤاڵ رەفعـەت عەبـدوڵڵا لێپرسـراوی مەڵبەنـدی دووی رێكخـستنی كـەركوك و ژمارەیـەك لـە هـەڤاڵانی مەڵبەنـد ، پێـشوازیان لـە وەفـدێكی حیزبـی زەحمەتكێـشانی كوردسـتان كـرد. لـە دانیـشتنێكدا بـاس لـە بـارودۆخی ئەمنـی شـاری كـەركوك كـراو تیـشك خرایـە سـەر پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی داهاتووی عێـراق بە تایبەتی لە شاری كەركوك . لە بەشێكی دیكـەی دانیـشتنەكەدا جـەخت لەسـەر برایەتی و پەیوەندی لایەنـە سیاسـیەكان و حیزبـەكان كرایـەوە بەمەبەسـتی سـەركەوتنی هەڵبژاردنـەكان . هـەروەك بـاس لـە پرۆسـەی سـەرژمێری و ناونوسـكردن كـرا لـە شـاری كـەركوك و



هیوایان خواست سـەرجەم هاوڵاتیـان نـاوی خۆیـان تۆمـار بكـەن ، بـە تایبـەتی ئـەو هاوڵاتیـە كەركوكیانـەی ، كـە لـە دەرەوەی شاری كەركوكدا نیشتەجێن .

لـە كۆتایـشدا هـەردوولا ئامـادەیی خۆیـان دەربـڕی بـۆ پـشتگیریكردن و سەرخـستنی هەردوو پرۆسەی سەرژمێری و هەڵبـژاردن لە شاری كەركوك .

لەلایـەكی تـرەوە لەمەراسـیمێكی تایبەتـدا لەتـەلاری مەڵبەنـدی دووی رێكخـستنی كـەركوك، هـەڤاڵ رەفعـەت عەبدوڵـلا خـەڵاتی پێـشكەش یانـەی سـۆلاف كـرد بەبۆنـەی بەدەستهێنانی پلـەی یەكـەمیان لەپاڵەوانێتی عێراق بۆ نەوجوانان.

# لە مەراسیمێكدا تەرمی پێشمەرگەیەكی دێرینی ی.ن.ك بەخاكسپێردرا

لە مەراسیمێكدا ، كە لە شارۆچكەی پردێی سەر بە قەزای دووبز بەڕێوەچوو، هـەڤاڵ مەلا شاخی نوێنەری هەڤاڵ مام جەلال لە مەڵبەنـدی رێكخستنی كـەركوكی ی.ن.ك و لێپرسراوانی حزبی و حكومی سنوورەكە و كەسوكاری شەهیدان و جەماوەرێكی زۆری ناوچـەكە ئامـادەیبوون ، تـەرمی پێـشمەرگەی دێـرینی ی.ن.ك (مەشـعەل حـسێن) لـە گۆرسـتانی كوردسـتان لـە شارۆچكەی پردێ بەخاكسپێردرا.

لەو مەراسیمەدا وتـاری نوێنـەری هـەڤاڵ مـام جـەلال و مەڵبـەندی رێكخـستنی دووبـزی ی.ن.ك پێشكەشـكران و لـە وتەكانـدا ئامـاژەدرا بـە رۆڵـی شـەهید لـە خـەباتی پـڕ نەبـەردیی پێـشمەرگایەتیی گەلەكەماندا.

لـە مەراسیمەكەدا ئاماژە بەوەشكرا كـە شـەهید مەشـعەل یـەكێك بـووە لـە پێشمەرگە قارەمانەكانی ی.ن.ك لە سنوری كـەركوك و شـارەكانی دیكـەی كوردستان و لـە دوا رۆژگـارەكـانی شـاڵاوە بەدناوەكـانی ئەنفال و لە رۆژی ١٩ /٩ /١٩٨٨ لە شـەڕێكی پـڕ نـەبردیدا شـەهید بوو بەڵام لەو كاتـەدا نـەتوانرا تـەرمی شـەهید بهێندرێتـەوە بۆ شارەكەی و ئـەمرۆ تـەرمی شـەهید لـە مەراسـیمێكی پرشـكۆی جەماوەریـدا هێنرایـەوە بـۆ شارۆچـكەی پـردێ و بەخاكسپێردرا.

# وەفدێكی مەڵبەندی (٢٩) سەردانی ناحیەی قەرەهە نجیری كرد

وەفدێكی مەڵبەندی ٢٩ی قـەزای كـەركوك بە سەرپەرشتی راپـەر عـارف لێپرسـراوی مەڵبەنـدو جێگـرو كـارگێرانی مەڵبەنـد ، سـەردانی بەڕێوەبەرایـەتی ناحیـەی قەرەهـەنجیری كرد.

پاشـان وەفـدی مەڵبەنـد سـەردانی قائیمقامیەتی قـەزای چەمـچەماڵی كـردو پیرۆزباییـان لـە دەسـت بەكاربوونـی قائیمقامی نوێی قەزاكـە كـرد. دواتریش سـەردانی مەڵبەنـدی ١٥ی رێكخـستنی چەمـچەماڵی كـردو لەلایـەن لێپرسـراوی مەڵبەندەوە پێشوازی لێكرا.

# چالاكییەكانی مەڵبەندی ١٦ی حەمرین

بەمەبەستی لە نزیكەوە بە ئاگابوون لـە كـەموكوڕیو كێـشەی هاوڵاتیـان، وەفدێكی مەڵبەنـدی ١٦ی حـەمرینو ئاسایـشی خورمـاتوو سـەردانی گونـدی عـەمودی سەربە قەزای خورماتوویان كرد. لەو سەردانەدا وەفدەكـە دوای گوێگرتن لـە داواكاریـەكانی دانـشتوانی ناوچـەكە، بەڵێنیانـدا داواكاریـەكانیان بـەپێی توانـا جێبەجێ بكەنو كێشەكان چارەسەر بكەن.

# چالاكییەكانی ناوەندی كەركوكی رێكخراوە دیموكراتییەكان

لە كۆبونەوەیەكدا لە شاری كەركوك ، كە بەسەرپەرشـتی رزگـاری حـاجی حەمـە لێپرسـراوی ناوەنـدی كـەركوكی رێكخـراوە دیموكراتییـەكان بەڕێوەچـوو ، بڕیارێكـی لیژنـەی بـاڵای هەڵبژاردنـەكانی كـەركوك راگەیەنـدرا ، كـە بـە پێـی ئـەو بڕیـارە پرۆسـەی راپرسـی بـۆ كاندیـدەكانی شـاری كـەركوك لـە نـاو جـەماوەری كـەركوك بەڕێوەدەچێت .

لە كۆبونەوەكـەدا كـە ژمارەیـەكی زۆر لـە گـەنجان ولاوانـی شـاری كـەركوك و ناوچـەكانی دەورەبـەری كـەركوك بەشـداربوون ، تێیـدا میكانیزمـی بەڕێوەچوونی ئەو راپرسییە رونكرایەوە و پرسـەكە بـە هـەوڵێكی شارسـتانی بـۆ دیـاریكردنی كاندیـدی شـیاو بـۆ شـاری كەركوك خرایەڕوو ، تاوەكو نوێنەرایەتی راستەقینەی شارەكە بكات لە پەرلەمانی عیراق .

دەربارەی ئەو هەنگاوە رزگار حاجی حەمە لێپرسـراوی ناوەنـدی رێكخـراوە دیموكراتییـەكانی كـەركوك پێـی راگەیانـدین : ئـەم هـەنگاوە دەستپێـشخەریەكی دیكـەی (ی.ن.ك)ە ، تـاوەكو كاندیـدەكانی یـەكێتی نیـشتمانی كوردستان بەشێوەی راپرسی دیاری بكرێـن و رای هـاوڵاتیی لەسـەر هـەر یـەكێك لـە كاندیدەكان وەربگیرێت پێش جێگیركردنـی ئـەو كاندیـدە بـۆ شـاری كـەركوك . رونیشیكردەوە :

ئەمـە شـێوازێكی مۆدێـرن و هاوچـەرخە وجێـی خۆیـەتی لـە ئاسـتی هەرێمیـش رەچاوی وەها كارێك بكرێت .

لێپرسـراوی ناوەنـدی رێكخـراوە دیموكراتییـەكانی كـەركوك ئاشكرایكرد : ئەو هەنگاوە خۆی لە خۆیدا گەرانەوەیە بۆ رای جەماوەر بۆ هەڵبژاردنی كاندیدی راستەقینەی خەڵك بۆ پارلـەمانی عیراق ، كە دەتوانێت لە داهاتودا هەمان هەنگاو بۆ ئەنجومـەنی پارێزگـای كەركوكیـش جێبەجێ بكرێت .

بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە پشت بە گەنجان ولاوانی كـەركوك و دەوروبـەری دەبەستین و راپرسیەكەش لە ئاستی كـەركوك وقـەزاو ناحییـەكانی بـۆ ئەوەیـە ، كـە شـیاوترین كاندیـدی ی.ن.ك بـۆ پەرلـەمانی عـیراق دیاری بكرێت .

# چالاكییەكانی مەكتەبی پەیوەندییەكانی كەركوك

محەمـەد عوسمـان عـەزیز لێپرسـراوی مەكتـەبی پەیوەندییـەكانی كـەركوك پێشوازی كـرد لـە وەفـدێكی بزوتنـەوەی توركمانە بێلایەنەكان بە سەرۆكایەتی واجـد شـجاع الـدین جێگـری سـەرۆكی بزوتنەوەكـەو لـە دانـشتنێكدا لێپرسراوی مەكتـەب پێكهاتـە و بەرنامـەو كـارو چـالاكییەكانی مەكتـەبی بـۆ وەفدەكـە روونكردەوە وتی : ئێمە دوور لە سیاسەت و ئـاین كـار دەكـەینو تـەنها مەبەسـتمان خزمـەتكردنی شـاری كەركوكـە ، لـە بەرامبـەردا وەفـدی میـوان سوپاسـی لێپرسـراوی مەكتـەبیان كـرد بـۆ ئـەو پێشوازییە گەرمەی لێیان كرا .

هەروەها سوپاسی سـەرۆك تاڵەبانیان كرد كـە بـە بـەردەوامی پێـشوازی لـە پێكهاتـە جیاجیاكـانی عـیراق كـردووە بـە بـێ جیـاوازی، داواشـیان لـە لێپرسـراوی مەكتـەب كرد سـەردانی بارەگاكـەیان بكات لـە هـەولێر و كـەركوك بـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی كـاری هاوبـەش لـە بـواری جیاجیـادا لـە پێنـاو خزمەتكردنـی هاوڵاتیـان، چـونكە ئـەم مەكتەبـە بـە مەكتـەبی سـەرجەم پێكهاتـەكانی كـەركوك ناوبـانگی دەركـردووەو كـار بـۆ پێكهاتـە جیاجیاكانی شارەكە دەكات .

# لە كەركوك ۆورك شۆپێكی تەندروستی دەروونی بۆ پیاوانی ئاینی كرایەوە

رێكخـراوای (ird) بـە هاوكـاری بەڕێوەبەرایەتی وەقفی سونی لە كەركوك ، ۆورك شـۆپێكی دەربـارەی تەندروسـتی دەروونی پیاوانی ئاینی بۆ ژمارەیەك لە مامۆسـتایانو وتـارخوێن و پێـشنوێژی مزگەوتەكان و قەشەكانی شاری كـەركوك رێكخست.

لـە سـەرەتادا مامۆسـتا مـستەفا حـسێن بەڕێوەبـەری ئـەوقافی كـەركوك وتەیەكـی پێشكەش كـرد و تێیـدا ئامـاژەی بەڕۆڵـی مامۆسـتایانی ئـاینی كـردەوەو بەئەركێكـی پیرۆزی وەسـف كـرد ، بـە تایبـەتی لـە بڵاوكردنـەوەی ئاشـتی وتـەبایی لـە نێـوان سەرجەم ئایین و نەتەوە جیاجیاكان .

دواتـر دكتـورە (زایـدە) پـسپۆڕ لـەبواری نەخۆشییەكانی دەورنـی باسـێكی پوختـی دەربـارەی چـۆنیەتی مامەڵـەی مامۆستایانی ئاینی كرد ، لە رەچاوكردنی باری دەروونی تاكەكانی كۆمەڵگە .

لە كۆتاییدا بەچەندین پرسـیار وتێبینـی لەلایـەن ئامادەوانـەوە كۆتـایی بـە ۆرك شۆپەكە هات.

# لە قادر كەرەم دوو خولی فێربوونی كۆمپیوتەر كرایەوە

بەئامادەبوونی مـەلا ئـەحمـەد كـارگێڕی مەڵبەنـدی رێكخـستنی پێـشمەرگە و سـتار حەمیـد لێپرسـراوی سـەنتەری كەركوكـی رونـاكبیری پێشمەرگە، لـە هۆڵـی شـارەوانی قـادر كـەرەم ، دوو خـولی فێربوونـی كۆمپیوتـەر بـەناوی خـولی شـەهیدان (سـەلاح حەمە غەریب و جەبار رەئوف) كرایەوە .

سـەرەتای خولەكـە بەدەقیقەیـەك وەسـتان بـۆ گیـانی پاكـی شەهیدان دەستپێكرد .

دواتر مەلا ئەحمەد كارگێری مەڵبەندی رێكخستنی پێشمەرگە لە ووتەیەكدا باسی لە گرنگی فێربوونی كۆمپیوتەر و شارەزایی پەیـداكردن لـە بەرنامـەكانی كـرد و بـەئامێرێكی پڕ بایەخـی سەردەمی ناوبرد.

خولەكـە بـە بەشـداری (٤٥) پـۆلیس و فەرمانبـەری سـنوری ناحیـەی قـادر كـەرەم بەڕێوەدەچـێت و مـاوەی یـەك مانـگ دەخایەنێت.

# چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی كاروباری هۆزەكانی كەركوك

بـە ئامـادەبونی بەڕێوەبەرایـەتی كاروبـاری هۆزەكـانی كـەركوك و شێخ وكەسایەتی و پیـاو مـاقولانی هـەردوولا لـە ناحیـەی سلێمان بەگی سەر بە قەزای خورماتوو كۆتایی بە كێشەیەكی كۆمەڵایەتـی نێوان عەشیرەتی بەرزەنجەو عەشیرەتی ئەلبەیات هێنرا.

لـەمیانی سـەردانەكەیاندا بـۆ ناحیـەی سـلێمان بـەگ وەفـدی بەڕێوەبەرایـەتی كاروبـاری هۆزەكـانی كـەركوك سـەردانی دیوانـی (شـێخ ویـسام)ی كـردو لەگـەڵ كەسـایەتی وشـێخی عەشـیرەتەكانی هـۆزی ئـەلبیات بـاس لـە تونـدوتۆڵكردنی پەیوەندیـەكانی نێـوان سەرجەم نەتەوەكان كرا .

لـەم بارەیـەوە سـەرۆك هـۆزی ئـەلبیات پـشتیوانی خـۆی بـۆ هەوڵەكانی بەڕێوەبەرایەتی كاروباری هۆزەكانی كـەركوك دەربـڕی لـە خزمـەتكردن و چارەسـەركردنی كێـشە كۆمەڵایەتیەكانـی كەركوك و ناوچەكانی دەوروبەری.

لەژێر تیشكدا

# پلنیۆم و قۆناغێكی نوێی خەبات

**ئەسعەد عەزیز محەمەد**

هەموو ئاماژەكانی دەوروبەرمان جەخت لـەسـەرئـەوە دەكـەنـەوەو واپیشانیدەدەن كەئەم ناوچەیە لەبـەردەم گۆڕانـكاری ریشـەیـی و سیاسی گەورەدایە، بێگومان بـەرووداوانـی هـەر رووداوو گۆڕانـێكـی مەزن لەم ناوچەیەدا پشكی بـەر ئـێـمـەی گـەلـی كورد بـەهـەردوو باری پۆزەتیڤ ونەگەتیڤیدا دەكەوێت، لەدیدی ئەو رووانـگـەیـەوە كە(ی.ن.ك)هێزێكی سیاسی كاریـگـەرو كارای گۆڕەپـانـی سـیـاسـی كـوردسـتـانـە، وەك نـەرێـتی رابـردووی شـۆڕگـێـرانـەی خـۆی بەشێوەیەكی بەردەوام و هەمیشە بەرلەهاتنی رووداوە سیاسیەكان خۆی ئـامـادەساز دەكـرد وپـلانـی گونجاوی دادەنـا بـۆبـەرەوپیری چوونی ئەو رووداو پێشهاتانەی كـە دەرئـەنجامـی دۆخـی سـیـاسـی نوێ پەیدا دەبوون، لەپـانـتـایـی ئـەم دۆخـە سـیـاسـیـەوە یـەكـێـتی پلنیۆم دەبەستێ، بۆداڕشتنی سـتراتـیـژیـیـەكـی تـۆكـمـە و قـۆنـاغـی ئـایـنـدەی خـەبـاتـی سـیـاسـیـمـان دیـاریـدەكـات، وەك زۆربـەی سیاسەتمەداران ورۆشنبیران وروناكبیران لەمیدیـاكـانـەوە ئـامـاژەی پێدەدەن قۆناغی داهاتوو لەپرۆسەی سیاسی عـێـراق قـۆنـاغـێـكـی ئاڵۆزەو هێڵەكانی نادیـارن، (ی.ن.ك) بـۆرووبـەڕووبـوونـەوەی ئـەو ئاڵۆزییە سیاسیـەی لـەپـرۆسـەی سـیـاسـی عـێـراق دێـتـە پـێـشـەوە پێویستە لەوێوە دەستپێبكات كەریزەكانی خۆی بـەهـێـزو تـۆكـمـە بكات ویەكڕیزیی خۆی بپارێزێت، ئەوسا دەتوانێت بەگوروتینێكی زۆرترە وە بەشداری ئـەوپـرۆسـە سـیـاسـیـیـە بـكـات و رۆڵـی كـاراو گرنگی تێدا ببینێت، ئەمە كارێكی ئاسان نـیـە، بـەڵـكـو دەتـوانـیـن بڵێین گرنـگترین كاری ریكخراوەیی ناو یەكـێـتـیـە، زۆرجـار لـێـرەو لـەوێ گـلـەیـی و گـازنـدەی ئـەوە دەكـرێـت كـە(ی.ن.ك) بـەپـێـی پەیڕەوی ناوخۆ كۆنگرە نابەستێت هەرچەندە گومـانـی تـێـدانـیـە كەئەمە راسـتـە، بـەڵام هـەمـوو ئـەوانـەی ئـەو گـلـەیـیـەش دەكـەن ناتوانن نكۆڵی لەوەبكەن بەستنی كـۆنـگـرەو پـلـنـیـۆم و تـەنـانـەت كۆبوونەوەكانی سەركردایەتی یەكێتیش بەو ریتمە تێـپـەڕنـابـێـت كـەرەوشـی بـارودۆخـەكـە نـەگـۆڕبـێـت، بـەڵـكـولـەدوای هـیـچ كۆنگرەیەكەوە دۆخی ناویەكێتی لەدۆخی پـێـشـووتـری نـاچـێـت، ئەمەش مانای تەواوی نوێبوونەوە لەناو یەكێتی دەبەخشێت، ئـەو هەلومەرجە سیاسیەی ئێستا هاتوەتە ئاراوە داوای ئەوە لەیەكێتی دەكات و دەخوازێ ئەوەی لەیەكێتی هەیە كەلەئاستی كێشمەكێشی دەستەگەریێتی و كێشەی میكانزمی ناو ڕێكخـسـتـنـەكـانـی یـەكـێـتـی هەڵویستی یەكلایكەرەوەی هەبێت و هەموولایەكمان بەو گـیـانـەوە بـڕۆیـنـە نـاو پـلـنـیـۆمـەوە كـەبـەرژەوەنـدی یـەكـێـتی لـەسـەرووی بەرژەوەندی هەموو هەڤاڵێكەوەیـە، وەك لـەسـەرەتـاوە ئـامـاژەمـان پێدا قۆناغێكی نوێی سیاسی بەڕێوەیە، پـێـویـسـتـە هـەڤـاڵانـی نـاو پلنیۆم بەرنامەو سـتراتـیـژیـیـەتـی كـاركـردنـی نـوێ دابـڕێـژن بـۆ ئەوقۆناغە نوێیە لەخەباتی سیاسیمان كەبەڕێوەیە.

# چالاكییەكانی یەكێتی ژنانی كوردستان/ كەركوك



بـە مەبەسـتی زیاتر هانـدانو پـشتگیریكردنی خوێندكارانـی نموونـەیو دیـار، لقـی یـەكێتی ژنانـی كوردسـتان/ كـەركوك لەسـەردانێكیدا بـە بۆنـەی بـە دەست هێنانیان پلـەی یەكـەمو دووەم لەسـەر ئاسـتی خوێندنـی پـەروەردەی كەركوك هەردوو خوێندكار " شەنگ ئەحمەد فرج وئاڤان عوسمان شێرزاد"یان بەسـەر كـردەوە دیـاریو رێزلێنـانی یـەكێتی ژنانیـان پێبەخشین.

# ستافی نوێی كۆمیتەی باڵای كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان سەردانی كەركوكیان كرد

بەمەبەستی ئاگاداربون لە كاروچالاكییەكانی كۆمەڵەی خوێندكاران لە كەركوك ، ستافی نوێـی كۆمیتـەی باڵای كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردسـتان سـەردانی شـاری كـەركوكیان كـردو لەگـەڵ لقەكانـی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان كۆبوونەوە.

لە كۆبونەوەكەدا باس لەرەوشی خۆێندكارانی كـەركوك كـراو دوای گوێگرتن لە راوبۆچونی كۆمەڵەی خوێندكارانی كـەركوك كۆمیتـەی باڵای خوێندكارانی كوردستان بـەڵێنی چارەسـەركردنی كێـشەكانیان ودابینكردنی پێداویستیەكانی پێدان.

# ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی

**عەبدوجەبار ئەحمەد محەمەد**

لە هەموو ئەو کۆمەڵگە نوێیانەی کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕویانداوەو دەوڵەتی نیشتمانی تیایاندا دامەزراوە بە شێوەیەك دەڕوانـنە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کە سنوری مافو یاسا رەتدەکاتو دەچێتە نێو چوار چێوەی سیاسەتو بەرژەوەندی گشتی نیشتمانو دەوڵەتو نەتەوەوە، بێگومان پاش تێرکردنی مافەکان، ئەو جۆرە ڕووانینە تەنها بەوە قایل نابێتو ئۆپۆزسیۆن لە کارکردنیدا مافی دەستوریو سیاسیو دیموکراتیانەی هەبێت، بەڵکو کۆشش بۆ ئەوە دەکات ئۆپۆزسیۆن مافی بونو ئازادی کاری سیاسی هەبێت، لە پێناو ئامانجێکی پایەداردا، ئەویش پاراستنی کایەی سیاسییە لە شڵەژانو ڕێگەگرتن لەوەی سیاسەت لە دەرەوەی ڕێسا دیموکراتیەکانو ئاشتی شارستانیانە گوزارشت لە خۆی بکاتو خواستی هێزەکانی خۆی بخاتە ڕوو ئۆپۆزسیۆن خۆی وەك هێزێکی گونجاو دەخاتە ڕوو بۆ نوێنەرایەتی کردنی جەماوەرو دەربرینی بەرژەوەندی جەماوەری چەوساوەو بێبەش لە هێزەکانی بەرهەم هێنانو توێژەکانی خوارەوەی چینی ناوەراست کە ڕوو لە هەژاربونن، هاوکات شوێنگەی ئۆپۆزسیۆن بەکار دەبات بۆ بەکارهێنانی گوتارێکی سیاسی نارەزایی دەربڕینو پێکهێنانی هێزیبۆ شەرە کۆمەڵایەتییە چاوەڕوانکراوەکان لەگەڵ توێژە فەرمانڕەواکانو دەسەڵاتی سیاسیدا، بەم جۆرەش ئۆپۆزسیۆن وەك هێزێکی شۆڕشگێڕ بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵاتێکی واقیعی دەردەکەوێت خۆی وەك ئەلتەرناتیڤێکی ساسی بۆ دەسەڵاتی دامەزراو نیشان دەدات، بە تایبەتی ئەگەر درز بکەوێتە نێوان دەسەڵاتو جەماوەرەوە.

ئۆپۆزسیۆن هەوڵ دەدات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە لە ئەنجامی بوونی دەسەڵاتێك دروست بووە کە کەم تا زۆر یان بەتەواوەتی لە کۆمەڵگا دابڕاوە، لەهەموو بارودۆخێکدا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بۆ پاراستنی ئەو دیمەنە بایەخدارەی سەبارەت بە خۆی هەیەتی یان لای جەماوەر هەیەتی وەك ئەلتەرناتیڤێکی دەسەڵاتی دامەزراو پێویستی بە چەندین بەڵگەی سیاسیو فکریو ئەخلاقی هەیە، هەتا شیاو بێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەلتەرناتیڤێکی مێژویی، بەڵام کاتێك لە پراکتیکدا دەستەوەستان بێت لە ئاستی خستنە ڕووی ئەم جۆرە بەڵگانەدا- ئەوا دەکەوێتە دۆخی تەنگو چەڵەمەوە دەشێت نیشانەی پرسیارێك بخاتە سەر ڕۆڵو ڕەوایەتی خۆی.

ئامانجی هەر ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی گەیشتنە بە دەسەڵات هیچ حیزبێکی سیاسی نیە ئامانجی خۆی بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ بیرۆکەیەکی پایە بڵند یان بەرگریکردن لە باوڕێکی کۆمەڵایەتیو کلتوریی. ئەگەر ئەو پڕوپاگەندەو بەرگریکردنە بەشێك نەبێت لە پرۆسەیەکی سیاسی گرێدراو بەدوا ئامانجێکەوە ئەوش گەیشتنە بە دەسەڵات.

لە ئەزمونی نوێی کاری سیاسیدا تەنیا مۆدێلێك نیە بۆ ئامانجی گەیشتنە دەسەڵات، بەڵکو ئەمە بە فۆرمو شێوازی جۆربەجۆر خۆی خستوەتە ڕوو، لێرەدا باسی شێوەی کۆششکردنی کاری سیاسی بۆ هێنانە دی ئامانجی گەیشتنە دەسەڵات بکەین.

**شێوازی یەکەم:** بریتییە لە کۆنترۆلکردنی تەواوی دەسەڵات لەلایەن ئەو گروپە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەوە کە کۆششی بۆ دەکات ئەم حاڵەتە لە کاتێکا ڕوو دەدات کە ئۆپۆزسیۆن خاوەنی جەماوەرێکی فراوان بێتو بنکەیەکی فراوانی هەبێت لە نێو ئەو جەماوەرەدا.

**شێوازی دووەم:** دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێو ئۆپۆزسیۆنی سیاسیو دەستە بژێری فەرمانڕەوا (النخبە الحاکمە) ئەوەش بەوە ڕوو دەدات کە ئۆپۆزسیۆن خاوەن هێزێکی فشار هێنانو پایەیەکی مەزن بێت کە پاریدەدەربێت بۆ ناچار کردنی دەستە بژێری فەرمانڕەوا بۆ قبوڵکردنی ئەو جۆرە دابەشکردنە.

**شێوازی سێیەم:** بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆنە لە دەسەڵاتدا بە ڕێژەیەك کە زۆر جار بەشداریکردنێکی ڕواڵەتیە کە زۆر جار ناگاتە ئاستی دابەشکردنی دەسەڵات، ئەویش لەو کاتە ڕوو دەدات کە ئۆپۆزسیۆن زۆر بە هێز نەبێت یان پێی وایە ئەو بەشداریکردنە مانای پاراستنی ئارامی سیستەمی سیاسیە لەو وڵاتە.

بوونی ئۆپۆزسیۆن لەهەر چ وڵاتێكو پەرلەمانێكو حکومەتێك زۆر پێویستەو ڕۆڵێکی کاریگەری پۆزەتیڤانە ئەبینێت لە شێوەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤو کارا نەبێت ئەوە حکومەتێكو دەسەڵاتێك کارا نایەتە کایەوەو دروست نابێت.

لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٥/٧/٢٠٠٩ ئۆپۆزسیۆن پەیدا بوو لە نێو حکومەتو پەرلەماندا لەوانەش لیستی گۆڕانو لیستی چاکسازیو خزمەت گوزاریو ئەمەش دیاردەیەکی نوێ بوو لە کوردستانو گۆڕانێکی دروست کرد لە کەشو هەوای سیاسی لە کوردستان چونکە دوای (١٨) ساڵ لە ئەزمونی حوکمڕانی لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی بەو جۆرە هاتە کایەوە، پێش ئەمە دەسەڵات لە کوردستان لە دەستی دوو حیزبی سەرەکی بوون ئەویش یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان( ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هەبوبێت ئەوە ئۆپۆزسینێکی کارا نەبووە) ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە لە مومارەسەکردنی سیاسی لە سیستەمە دیموکراتیەکان، چونکە دەسەڵاتێك چەندە دیموکراتی بێت دوور نابێت لەهەڵەو سلبیات، بۆیە پێویستە ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤ هەبێت بۆ چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتو ڕێنمایی کردنی ئەو حکومەتە.

ئایا ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە کوردستان هاتۆتە کایەوە ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤە بۆ چاودێریو ڕێنمایکردنی دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆنێکە بۆ چەواشەکردنو ڕەشکردنی دەسەڵات لە چاوی جەماوەردا.

هەوڵ ئەدەین لە بابەتێکی تردا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.




# ئـەم و ئـەو

**سەمەدچاوشین**

خانەوادەکەی ئەم، هەموو خەڵکی کەرکوك و دەوروبەری ئاگادارن لە ساڵی ١٩٦١ وە لەبەرەی گەل بوون و هەمیشە بە سەرو ماڵەوە ئاوێتەی شۆڕش و کوردایەتی بوون، لەو پێناوەشدا درێغیان نەکردووە لەو ئەرکەی دراوەتە سەریان، خانەوادەی ئەوانیش هەمیشە ریاکارو ماستاو ساردکەرەوە بوون بۆ دوژمنە سەرسەختەکانی کوردستان بەتایبەتی بۆ سەرانی بەعس، هەمیشە خەو و خۆراکیان ئەوە بووە چۆن ئەبو قەحتان و ئەبو عەدنان و ئەبو سەدام داوەت بکەن بۆئەوەی دڵسۆزی و نۆکەرایەتی خۆیان بنوێنن بۆ سەرانی بەعس. خانەوادەکەی ئەم ساڵی ١٩٨٧ کە گوندەکانی دەوروبەری خاپورکران، ئاوارەی ڕومادی و هەولێر بوون، ژیانی ناو کوردەواریان هەڵبژارد، شاری قەڵاو منارەیان کردە سوپەرو سەنگەرو قەڵای خۆیان، خانەوادەکەی ئەوانیش چونکە دڕکی چاندبوو ڕووی ناو کوردەواریان نەبوو، شوێنی لە دایك بوونی سەدامیان هەڵبژارد، بە واسیتەو دەست ماچکردنی سەرانی بەعس خۆیان کردە جوتیاری عیزەت دووری و سەرانی تری بەعس بەو بیانووەی ئەگەر بچنە کوردستان بەگوتەی خۆیان(عوسات و مخرب)دەیانکوژێ و یاخود چونکە ئیش و کار لە کوردستان نییە لە برسان دەمرن و دەبێ دەرۆزە بکەن. بە خەیاڵی ئەو ژیان و خۆشی هەر لە تکریت و دەوروبەرێتی.

خانەوادەکەی ئەم لە ساڵی ١٩٨٧ کوڕە نۆبەرەکەیان دوای ئەوەی کۆلیژی زانکۆی موسڵی تەواو کرد بووە پیشمەرگە، ئەو کوڕە جوانە هێندە جوامێرو قیت و قۆز و قسەخۆش بوو لەگەڵ ئەوەشدا نوسەرو ڕوناکبیرو زمانزان بوو لە عەرەبی و ئینگلیزی دا هاوتای نەبوو. خانەوادەکەی ئەوانیش تەنها فێری زمانی تکریتی بوون و هیچی تر، خانەوادەکەی ئەم لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کوڕە پیشمەرگەکەیان یەکەم کەس بوو خۆی کرد بە کەرکوکاو شەهیدبوو، خۆی کردە قوربانی کەرکوك و وەکو پەروانەو چرا چۆن عاشقی یەکن، ئەویش لە دێر زەمانەوە عاشقی کەرکوك بوو، تا ئێستاش گۆڕی بزرەو کەس نازانێ جەللادەکانی سەرانی بەعس چییان لە تەرمی ئەو جوامێرە کردووە . کەس و کاری وا ١٨ ساڵە چاوەڕوانی پارچە ئێسکێکن کە بینێژن و بیکەنە ئارامگای کوڕە پێشمەرگە شەهیدەکەیان.

خانەوادەکەی ئەوانیش لە زاری سەرانی بەعسەوە بەپێشمەرگەیان دەووت غەوغاوی ، کە سەدامی دیکتاتۆریش رووخاو باوی سەرانی بەعس و تکریت نەما، یەکسەر خۆیان خزاندە ناو لایەنەکانەوە و گوایە سەدان ساڵە قاڵبووی ناو خەباتن. خانەوادەکەی ئەم بە هێمنی هاتنەوە کەرکوك هیچ پۆستیکیان پێنەدرا، بەڵام چونکە ژیرو هۆشیارو دڵسۆز بوون نەیانکردە هەڵلا، خانەوادەکەی ئەوانیش بوونە دەسڕۆ و کاربەدەست، ئێستاش ئەم لای ئەوە، ئەویش خۆی لێ گۆڕاوەو کارەکەی جێ بەجێ ناکات، دە وەرە ئەم گوێ درێژە لەم قوڕە دەرکە.

# شـەرعیەتی بڕیاری سیاسیی

**ڕێبوار جەباری**

لەناوپرۆسەی سیاسی عێراقدا هەرجارەی کەتووشی تەنگژەییەکی سیاسی یاخود گرفتێکی یاسای دەبین دوو مەرجەعێتی گەورەو سەرەکیمان لەبەردەستەیە کەپشتی پێبەستین وبۆی بگەڕێینەوە ئەویش دەسەڵاتی پەرلەمان ودەستووری عێراقە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە ئەم دوو مەرجەعێتە زۆرجار لەگەڵ یەکدا ناکۆك وناتەبان، بەڕادەیەك کەمرۆڤ تووشی شۆك دەبێت، لەدیباجەی دەستوورەو پرنسیپی بنەڕەتی ئەم دەستوورە لەسەر ئەوە دارژراوە کەعێراق کۆمارێکی فیدرالیە بەڵام لەنێوخودی پەرلەماندا تائێستاش پەرلەمانتاری واهەیە بڕوای بەم فیدرالیەتە نیەوبەئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکات کەدەسەڵاتی حکومەتی ناوەند بەهێزبێت وهەموو ئەو دەستکەوتە کارگێڕییانەی بۆ هەرێم وپارێزگاکان بەدەست هاتووە لەبار ببرێت، لەکاتی دەنگدان لەسەر ئەو دەستوورە زۆربەی نوسەران وروناکبیرانی عێراق بڕوایان وابوو بەچەسپاندنی سیستمی فیدرالی لەکۆماری عێراق خاڵی وەرچەرخان وسەرەتای چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکانی ئەم وڵاتەیە، بەڵام زۆربەلامەوە سەیرە لەدوای چەندین ساڵ پەرلەمانتاری وا هەیە لەناو گومەزی پەرلەماندا دەڵێت کێشەی سیستمی سیاسی وکارگێڕیمان بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەئەم وڵاتە پەیڕەوی فیدرالیەت دەکات، راستە ئێمە لەناو دەستووردا سیستمی فیدرالیەتمان جێگیر کردووە، هەوڵماندا لەدەستووردا لانی کەم مافی هاولاتی رەچاوبکەین وتا رادەیەکی هەستپێکراو شوێن کەوتووی دیموکراسی ببین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دانی پێدا بنێین کەوا هەرگیز نەمانتوانیوە ئەم چەمکانە وەك کولتوور مامەڵەی لەگەڵدا بکەین بیکەینە پێگەیەکی رۆشنبیری وفیکری لەناو کۆمەڵگەداوجێگەیەکی شیاو لەبیرکردنەوەی خەڵك داگیر بکات تا ببێتە خواستێکی جەماوەری وشتێکی نامۆ نەبێت بە خەڵك، بەپێچەوانەوە بەشێکی بەرچاو لە شەقامی سیاسی عێراق بەشێوازێك لەم چەمکانەی ئەڕوانی کەوا هێزی ئەمریکا هێناویەتی ئاراوەودەیەوێت بەسەر عێراقیەکانی بسەپێنێت، ئەمە وایکرد دوارۆژی ئەم چەمکانە بەلێڵی بهێڵێتەوە.

لەناوپرۆسەی سیاسی عێراقدا زۆرجار لەئاستی تەوافوق ودەنگی زۆرینە دۆشدادەمێنین، هەموومان ئەگەربۆ تەنها جارێکیش بێت لەدژی تەوافوق نارەزایمان دەربڕیوە، لەبەرامبەریشدا زۆربەمان ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت داوای تەوافوقمان کردووە، بابزانین ئەم حاڵەتە ئیزدواجیەیەمان لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، وەك ئاشکرایە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەوفرە ئایین وفرەمەزهەبە، بەڵام هیچ کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە زۆرینەی خەڵکی عێراق سەربە نەتەوەی عەرەبەو سەر بەئایینی ئیسلامە ومەزهەبیش شیعەیە،ئەگەر لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا میکانزمێکی گونجاو بۆپاراستنی پێکهاتەکانی تر نەبێت بۆدەرکردنی بڕیاری سیاسی بەتەنها پشت بەشەرعیەتی زۆرینە ببەسترێت، بێگومان رووبەڕووی هەڵەیەکی مەترسیدار دەبینەوە چونکە هیچ کاتێك کوردو تورکمان وکلدۆ ئاشووری وەك نەتەوە ناتوانن داواکانیان بەدەست بهێنن لەبەرئەوەی ئەوان لەبەرامبەر ڕێژەی عەرەب کەمینەن، ئایینی مەسیحی وسابیی ویەزیدیش گرفتی گەورەیان رووبەڕوو دەبێتەوە لەبەر ئەوەی ئەوئایینانە ئاینی کەمینەی دانیشتوانی عێراقن دەرچوونی بڕیاریش لەلای زۆرینەیە، مەزهەبی سوننە بەبەراورد بەمەزهەبی شیعە کەمینەیە پەیڕەوانی خۆیان لەخانەی پەراویزکردن دەبیننەوە، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی ئەم رەوشە سیاسیە ترسناکە سیستمی تەوافوق هاتە ئاراوە، هەموومان دان بەوەدا دەنێین کە ئەم تەوافوقە ناکرێت بۆ هەتا هەتایی پیادەی بکەین ولەهەموو کێشەیەکی بچووك وگەورەدا پشتی پێبەستین، بەڵام دیسانەوە لەگەڵ ئەوەشدا نابێت دەسەڵاتی رەها لەلای زۆرینە بێت ومافی پێکهاتەی کەمینە پشتگوێ بخات، پێویستە بەدوای میکانزمێکدا بگەڕێین کەتیایدا ڕێگە بەپێکهاتەی کەمینە بدات دەنگ وڕەنگ ودەسەڵاتی خۆی بپارێزێت لە هەموو مەسەلە چارەنووس سازەکان لەهەمان کاتدا ڕێگەش لە زۆرینە نەگرێت بۆ هەموار کردنی بڕیارەکان دەنگی زۆرینە وەربگرێت .



**فەرهاد هەمزە محەمەد**

# نـەوتی دەریـای قـەزویـن و ملـملانێـی زلهـێزەکـان

سابیرینا زۆنی سەرۆکی پێشووی تورکمانستان وتەیەکی بە ناوبانگی هەیە دەڵێت (جارێکی تر دەریای قەزوین بۆنی خوێنی لێ دێت)، بەم دوایە راستی ئەم ووتەیە دەرکەوت دوای ئەوەی روسیا رێکەوتنێکی لەگەڵ هەریەك لە تورکمانستانو کازاخستان مۆرکرد بۆ دامەزراندنی هێڵی هەناردەکردنی غازی سروشتی ناوچەی تورکمانستان بۆ بازارەکانی ئەوروپا.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە چاوەڕوان دەکرێت ناوچەی دەریای قەزوین ببێتە یەکێك لە ناوچە هەرە گەرمەکان لە جیهانو ماوەیەکە ئەمریکا ژێربە ژێر خەریکی هەڵمەتێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەریاکە، لەبەرامبەر ئەمەشدا هەریەك لە ڕوسیاوو ئێران هێزە ئیقلیمییەکانی تر لەو پەری بەربەرکانیدان.

گرنگیی ناوچەی دەریای قەزوین لەچیدایە؟. ئەم ناوچەیە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای ئاسیاوەو بەهەریەك لە ئازربایـنجانو کازاخستانو تورکمانستانو روسیا دەورەدراوەو روبەرەکەی ٣٧٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

گرنگیی ناوچەکە لەوەدایە بەشێکی گەورەی نەوتەکەی دەستی لێ نەدراوەو بووەتە مایەی کێ برکێی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت لە جیهاندا، لەسەروی هەموویانەوە روسیاو ئەمریکا بە پلەی یەکەم دێن، دوای ئەوەش تورکیاو ئێران دێن بە پلەی دووەم.

بەپێی خەملاندنەکانی وەزارەتی وزەی ئەمریکی ناوچەکە یەدەکی نەوت دەگاتە سەرووی ٢٥٠ بلیۆن بەرمیل، غازی سروشتیش خۆی لە (١٧٠) تریلیۆن پێ سێ جا دەدات.

هەریەك لە لایەنەکانی ململانێ کە ئامانجی تایبەتی خۆی هەیەو دەتوانرێت بەم چەشنە باسیان لێ بکرێت.

١.روسیا: مۆسکۆ دەیەوێت بونێکی بەهێزی لە ناوچەکەدا هەبێت لەبەرامبەر هاوپەیمانێتی ئەوروپاو ئەمریکادا، ئەویش بە کۆنترۆڵکردنی رێگای هەناردەکردنی غازی نێوان تورکمانستانو ئەوروپا، لە ساڵی ٢٠٠٦ روسیا ٤٢ ملیار مەتر سێ جای لە غازی سروشتی تورکمانستان کڕی (هەر مەترە سێ جایەکی بە ١٠٠ دۆلار) کەچی روسیا ئەم بڕە غازەی لە بازارەکانی ئەوروپا هەر مەترە سێ جایەکی بە ٢٥٠ دۆلار فرۆشتەوە، کە ئەمە داهاتێکی چاکە بۆ روسیا.

٢.چین: ئەم وڵاتە خاوەن سنورێکی هاوبەشو دورو درێژە لەگەڵ کازاخستان، ئاشکرایە چین وا بۆ چەند ساڵێك دەچێت رووی لە گەشەسەندنێکی ئابوری فراوان کردووەو هەموو بوارەکانی گرتۆتەوە بۆیە لەم قۆناغە پێویستیان بەوەیە خۆیان وەك هێزێکی نێودەوڵەتی بسەپێنن، نەبوونی نەوت کۆسپێکی بەردەم ئەم پێشکەوتنەیە، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٩٧ یاداشتێکی لێك گەیشتنیان لەگەڵ حکومەتی کازاخستانداموڕکرد، بۆ بنیات نانی هێڵێکی نەوتی، هەرچەندە هێشتا چین خاوەنی ئەو پارەو تەکنەلۆجیا بە هێزە نیە بتوانێت سود لە سامانی نەوت لە دەریای قەزوین ببینێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەنگاوەی چین ترسو دڵەڕاوکێی لای ئەمریکاییو رووسیاییەکان دروست کردووە.

٣.ئەوروپا: کێشەی وڵاتانی ئەوروپا تەنها لەوەدا نیە حکومەتی روسیا کۆنترۆڵی بەرهەم هێنانو ناردنە درەوەی غازو نەوتی روسیا دەکات، بەڵکو هێڵەکانی هەناردەکردنی غازو نەوتی کازاخستانو تورکمانستانو ئازربایـنجانیشی گرتووەتە دەست هەر بۆیە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە ئەوروپاییەکان دەیانەوێت خۆیان لەو وڵاتانە نزیك بکەنەوەو قایلیان بکەن تا بەرهەمەکانیان بە خاکی روسیادا نەنێرنە دەرەوە، بەڵام تا ئێستا بە هۆی باڵادەستی روسیاوە ئەم هەوڵانە بێ ئەنجام بوون.

٤.وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ئەمریکا لە رابردوودا لە رێگەی هەوڵە بەردەوامەکانیەوە توانی لە ساڵی ١٩٩١ رێگە بۆ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت خۆشبکاتو روسیا دابڕێت لە وڵاتانی دەوروبەری. وڵاتانی ناوەڕاستی ئاسیا دوو بایەخی لای ئەمریکاییەکان هەیە یەکەمیان رێگەگرتن لە گەڕانەوەیان بۆ چوارچێوەی دەسەڵاتی روسی. دووەمیان/ رێگە گرتن لە روسیا لە کۆنترۆڵکردنی سەروەتو سامانی ئەو وڵاتانە.

٥.ئێران: سنوری باکوری ئێران دەگاتە دەریای قەزوینو لە سەردەمی پێشودا شان بەشانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کۆنترۆڵی ئەو دەریایەیان کردبوو بەبێ ئەوەی نەوتی لێ دەربهێنن تەنها سودی ئەوسای ئێران لە راوە ماسی بوو، بەڵام دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت ئێران هیچ دەسەڵاتێکی لەو ناوچەیە نەماوەو دەیەوێت هەرچی نەوتی دەریای قەزوین هەیە لە ڕێگای ئێرانەوە بگوێزرێتەوە بۆ کەنداوی فارسی، بەمەش ئێران بایەخێکی گەورەی ستراتیجی بە دەست دەهێنێو نیمچە کۆنترۆڵێکی کەنداوەکە دەکات.

بەپێی راپۆرتی ستراتیجی ساڵانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، دوور نیە ململانێکانی سەر دەریای قەزوین بگاتە پێکدادانی چەکداری.

چاودێران پێیان وایە بایەخدانی ئەمریکا بە دەریای قەزوین لەبەر نەوتەکەی نیە، ئامانجێکی سەربازی لەپشتەوەیەو لەو رێیەوە دەیەوێت لە لایەکەوە ئابلۆقەی سەر ئێران توند بکات لە لایەکی تریشەوە دەتوانێت دەستبەسەر سەرچاوەکانی ووزەدا بگرێتو نرخی جیهانی نەوت بگرێتە دەست خۆیەوە.

# تەرمی مناڵە شەهیدێك وندەبێ

## دایکی شەهید محەمەد ئیبراهیم: هەموو پارەی پرسەکە خەڵکی خێرخواز بۆیان خەرجکردین

**دیدار/ باوکی ڕێنوار**
**فۆتۆ/ نوێنەر**

**دوای ئەوەی لە تەقینەوە خوێناوییەکەی ڕۆژی ٣٠ /٦ /٢٠٠٩ ی گەرەکی شۆریجە، جەرگیان دەسووتێ بە دوو جگەرگۆشەی چاوگەش و دوو نەمامی تازە پێگەیشتوو تەرمی یەکێك لە ڕۆڵە شەهیدەکانی لەنێوان نەخۆشخانەی ئازادی کەرکوك و نەخۆشخانەی سلێمانی وندەبێ و تا هەنووکە نەیانتوانیوە بەدەستی خۆیان بەخاکی بسپێرن، لەبەر ئەوەی لەگەڵ تەرمی مناڵە شەهیدێکی تر بەناوی ( هونەر ڕەحیم ئەمین ) دەگۆڕدرێ.**

**( محەمەد ئیبراهیم ڕەواندی ) لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧یە و پۆلی پێنجی سەرەتایی بوە لە قوتابخانەی ( ڕاپەڕین )، هەروەها ڕەمەزانی برایشی لە هەمان قوتابخانە بووە لە پۆلی دووی سەرەتایی بوە.**

**باوك و دایكی ( محەمەدو ڕەمەزان ) لەهەوڵیاندا بۆ دۆزینەوەی تەرمی کوڕە شەهیدەکەیان( محەمەد ) داوایەك پێشکەشی دادگای کەرکوك دەکەن، دادگاش لەلای خۆیەوە بڕیاری دووبارە هەڵدانەوەی گۆڕەکەی داوە، بۆ پشکنینی تاقیگەیی( D.N.A )، بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە کێشەکە یەکلایی نەبووەتەوەو تەرمەکەی شەهیدی ناوبراو هەر لە نەخۆشخانە پارێزراوە.**

**ئیبراهیم ڕەواندی حوسێن باوکی شەهیدان( محەمەدو ڕەمەزان ) خەڵکی شاری کەرکوکە و لە بازاڕی شۆریجە عارەبانەی هەیە، بە هۆی نەخۆشییەوە ناتوانێ هەموو کارێك بکات، بۆ زیاتر ئاگاداربوون و نزیك بوونەوە لە خەم وەدەردەسەرییەکانی ئەم خێزانە ( کەرکوکی نوێ ) بەم شێوەیە ئەو باوکەی دوواند:**

**گەر ڕۆژێك کار نەکەین نان نیە بیخۆین**

" من لە ڕۆژی تەقینەوەکە تازە لە هەولێر لە نەخۆشخانە هاتبوومەوە، چونکە نەخۆشم و کلیەم سۆندەی تێدایە، کاتی تەقینەوەکە لە ماڵەوە بووم، نەمتوانی بچە سەر کار، بۆیە هەر دوو کوڕەکەمم ناردبوو بۆ سەرە عەرەبانەکە، ئێمە گەر ڕۆژێك کار نەکەین نان نیە بیخۆین، کە گەیشتمە شوێن تەقینەووەکە منداڵەکانی منیشیان لەگەڵ بریندارەکانی تردا بردبوون بۆ نەخۆشخانە.

خۆی و خێزانەکەی بەپەرۆشی خۆیان دەگەیاننە نەخۆشخانەی ئازادی، باوکی ئەو دوو شەهیدە دەڵێ:" من ڕۆیشتم بۆ نەخۆشخانەی ئازادی هەردوو کوڕەکەم لەوێ بوو، یەکیان شەهید بوو ئەوی تریان بریندار بوو لە نهۆمی چوارەم بوو، کەسی بە دیارییەوە نەبوو من ڕۆیشتم بۆ قەبرسان ودایکی بە دیار کوڕەکەی ترەوە بوو."


شەهید محەمەد

**هاتمەوە بۆ لای کوڕە بریندارەکەم، سەیرم کرد لەوێ نەماوە**

لەم ساتەدا دایکی ئەو دوو مناڵە شەهیدە کە گوێی بۆ قسەکانی باوکی مناڵەکان ڕاگرتبوو قسەکە پێبڕی و وتی:"لە نەخۆشخانە من بەدیار کوڕە بریندارەکەوە بووم، وەزعی باش بوو بەڵام کەمێ بریندار بوو، ویستم بڕۆم بۆ ئەوەی سەردانی کوڕەکەی ترم کەم، کە ڕۆیشتم بینیم کوڕە گەورەکەم شەهید بووە، منیش عەباکەم دایە سەریاو نزیکەی ( ١٠) دەقیقەم پێ چوو، هاتمەوە بۆ لای کوڕە بریندارەکەم، سەیرم کرد لەوێ نەماوە"

بەدەم گریان و هاوارەوە ئەو دایکە ڕوو لە نەخۆش و دکتۆرەکان دەکا، بەڵام کەس وەڵامی پێویستیی ناداتەوە، پاشان دکۆرەکان دەڵێن نێردراوە بۆ سلێمانی، ئەو دایکە وتیشی:" دکتۆرەکان وتیان ناردوومانە بۆ سلێمانی تەسلیمی سایەقی ئیسعاف (جەودەت) کراوە خەمت نەبێت باش ئەبێت، کوڕەکەم کە نێردرا بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی ژمارە (٢٠) بیست بوو، (١٩)ی گەیشتە سلێمانی، بەڵام کوڕەکەی من نەگەیشت، دوای ئەوەی کە ڕۆیشتین بۆ قەبرسان و کوڕە گەورەکەمان (ڕەمەزان)مان ناشت هاتین و ڕۆیشتین بۆ سلێمانی و هەولێر و شۆڕاو وتیان کوڕی ئێوە نەهاتووە بۆ لای ئێمە"

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا لە شۆفێری ئەمبوڵانسەکەتان نەپرسی ئەو کوڕەی ئێوە چی لێ هاتووە؟

دایکی شەهیدە وتی: "بەڵێ. پرسیمان وتی ئەو کوڕەی ئێوە لە ڕێگا گیانی لە دەست داو هێنامانەوە بۆ کەرکوك"

بە وتەی ئەو شۆفێرە تەرمی ئەو مناڵە دراوە بە کەسێك بەناوی (کەمال) لەو بارەیەوە ئەودایکە وتی:" "شۆفێرەکە دەڵێ داویانەتە دەست کابرایەك بە ناوی کەمال کە ئەویش کوڕێکی شەهید بوو لە تەقینەوەکە، ئەو وا ئەزانێ کە ئەو کوڕەی ئێمە کوڕەکەی خۆیەتی، بردوبیان بۆ قەبرسان و ناشتوبیان"

وتیشی:" کوڕەکەی ئەو لەو ساتەدا بە پاسکیل هاتبوو بۆ بازاڕەکە و لەوێ کە تەقینەوەکە ڕوویدا بوو، بە هیچ شێوەیەك ئەو کوڕەی ئەو دیار نەمابوو. هەتا پارچەشی دیار نەبوو."



ڕونیشکردەوە کە ئەو کوڕەکانی لەچاو ئەو مناڵە لەئۆتۆمبیلە بۆمبڕێژراوەکەوە دوورتر بوونە، وتی:"کوڕەکەی من لە لای تورشیات فرۆشەکە شەهید بوو ئەوی ترمان هاتبوو بۆ لای چایخانەکە بۆ ئاو خواردن، ئەو مناڵەی ئەو زۆر لە ئۆتۆمبیلەکەوە نزیك بووە"

**ئایا پۆلیس هەڵوێستی چی بووە؟**


شەهید ڕەمەزان

لەو بارەیەوە ئەو دایکەوتی:" ئێمە شوێن نەماوە نەڕۆین بۆی، ئێمە هەتا لای دادوەر داوامان لە سەری تۆمار کرد بەڵام ئەو ئەڵێ ئەو کوڕی منە، هەتا وەفات نامەیان بۆ دەرکردووە و پارەیان وەرگرتووە. ئێستا کوڕەکەی من (محەمەد) وەفات نامەی نییە، هەتا هەموو دکتۆرەکان شایەتییان دا کە ئەو کوڕە کوڕی ئێمەیە وکوڕی ئەوان نیە."

(ئێوە بۆ وا هەست ئەکەن کە ئەو باوکە، کوڕی ئێوەی کردبێتە کوڕی خۆی؟)

و: تەنها لە بەر بێ ویژدانی، ئەوان ڕۆیشتوونە بۆ نەخۆشخانە لەوێ دکتۆر ئەسعەد وتویەتی جەنازە نیە بڕۆن ئەوە مەیتە بەرن، هەتا زاواکەی ئەوانیش ووتی کە ئەو کوڕەی ئێمە بردمان کوڕی ئێوە بوو بەو شێوەیەی کە ئەو ئافرەتە باسی لێ ئەکات کە ئەو کوڕە دەمووچاوی سافەو گیانی سووتاوە. لەگەڵ ئەوەش کوڕی ئەو گەورەیە لە پۆلی یەکی ناوەندییە کوڕەکەی من لە پۆلی پێنجی سەرەتاییە.

کەواتە تەنها دادوەر دەتوانێ دەتوانێ ئەمکێشەیە یەکلایی بکاتەوە، بەپێی وتەی ئەو دایکمە دادوەر تا ئێستا هیچ کەموکوڕییەکی لەکێشەکەدا نیە، وتی:" دادوەر هەموو کارێکی بە باشی ئەنجام داوە، ئێمە ڕۆیشتین لە قەبرسان تەرمەکەمان دەرکرد و هێناومانە لە ناو سەلاجەیە لە نەخۆشخانەی ئازادی، فەحسەکەش کرا، بەڵام ڕۆیشتووە بۆ بەغدا هێشتا نەهاتووەتەوە ئێستا ئێمە چاوەڕوانی فەحسەکەمانە."

وتیشی:"ماڵەکەش هەموویان لای دادوەر دانیان بەوەدا ناوە کە ئەوان بە هەڵە کوڕی ئێمەیان بردووە."

ئەو دایك و باوکە جەرسووتاوە داواکارن کێشەکەیان بەزووترین کات یەکلایی بکرێتەوەو بە پێی پێویست ئاوڕیان لێبدرێتەوە، وتیان :"داواکاریمان ئەوەیە کە کێشەی ئەو کوڕەمان یۆ چارەسەر بکەن و چاویان لێمان بێت، نەك تەنها لە ئێمە بەڵکو لە هەموو ئەو کەسانەی کە شەهیدی تەقینەوەکە بوونە، ژیانی ئەمڕۆ زۆر زەحمەتە. تەنانەت لە لەکاتی ئەو کۆستە گەورەیەماندا پارەمان هیچ نەبوو هەموو پارەی تەعزێکە خەڵکی خێرحواز بۆیان خەرجکردین تەنانەت کفنی مناڵەکان خەڵك کریان."

**داواکارم یارمەتیمان بدەن**

نەنکی ئەو مناڵە شەهیدانەش وتی:" من سێ کچ و تەنها ئیبراهیمم هەیە، هەر سێ کچەکەم لە ماڵ وحاڵی خۆیانن، من تەنها ئەم کوڕەم هەیە، لە چەمچەماڵ پارچەیەك عەرزیان دا پێی و منیش فرۆشتم وهاتم دام بە خانووە کە هێشتا کەلاوەیە و زۆر خراپە لە ئەنفالەکەوە ئێمە کرێچین ولەملاو لەولاین، ئەم خانووەش خەریك بڕوخێت بە سەرماندا، ئەوە ئێستا ڕووخانومانە ناتوانین چاکی بکەینەوە، چونکە لە تواناماندا نیە، من مەعاشێکم هەیە لە ساڵێکدا (٣٠٠) سێ سەد هەزارم ئەدەنێ من بیدەم بە چی، بۆیە داواکارم یارمەتیمان بدەن.

شایانی باسە ئەو خێزانە ئێستا کچ وکوڕێکیان ماوە کە کچەکە ناوی نەرمینە و لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییە، کوڕەکەش ناوی خەلیلە و لە پۆلی سێی سەرەتاییە.



هێدی گەلاڵی

## کەرکوك لەهێزی گفتوگۆدا

لە سەرجەم کێشە و گرفتە سیاسییەکانی گەلی کورد، لە دواجاردا لە سەر دۆزی پارێزگای کەرکوك بە بنبەست گەیشتوە و بێ چارەسەرکردنی ماوەتەوە .

لە تەواوی مێژووی شۆڕشەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا تاکو بەئەمڕۆ دەگات کە خاوەن هەرێمێکی سەربەخۆو حکومەت و پەرلەمانین، لەسەر مەسەلەی کەرکوك لەگەڵ لایەن و نەتەوەکانی تری عیراقدا نەگەیشتوینەتە ئەنجامێکی ئەرێی وەك گەرمە باسێکی نێوراگەیاندنەکان بە زەقی بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پەرلەمانی عیراق بە هەموو پێکهاتە سیاسی و قەوارەیی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانیەوە لە بارەی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان و قسەو مشتومڕێکی توندی بە خۆیەوە بینی، بە تایبەتی هەڵوەستەکردن و بەهەند وەرگرتنی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوك ململانێیەکی سیاسیانەی لێکەوتەوە. ڕەنگە ململانێی لایەنەکانی بەشداربوی پەرلەمان لەبارەی کێشەی کەرکوك لەسەر هێزی گفتوگۆی پەرلەماندا یەکلانەبێتەوە بە مەش بە ناچاری دۆسیەی کەرکوك بۆ ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردن تیایدا ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێت، دیارە لیستی هاوپەیمانانی کوردستان لە بەغداو تەنانەت هێزو لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێستای پەرلەمانی کوردستان ئیش لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی کەرکوك بە ئان و ساتی خۆیدا لەگەڵ پارێزگاکانی تری ناوەڕاست و خوارووی عیراقدا ئەنجامبدرێت بە هاوراو هاوهەڵوێست و کۆکن، بەڵام لەبەرامبەر یەك دەنگی و کۆدەنگی نوێنەران و هێزە کوردیەکان لایەنی عەرەبی و بەشێکی زۆری نوێنەرانی لیستە نا کوردییەکان دژی هەڵوێست و سووربوونی نوێنەرانی کورد لە پەرلەماندا دەوەستنەوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی کەرکوك دوابخرێت، یان دۆخێکی تایبەتی پێبدرێت، لەگەڵ هەموو ئەو مشت و مڕە گەرم و ململانێ بەهێزانەی نێو پەرلەمانی عیراقدا دەکرێ لە هەر هەنگاوێکی بوێرانەو حەکیمانەدا چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان بە پێی ماددەی ١٤٠ و لە چوارچێوەی دەستوری هەمیشەیی عیراق چارەسەرو یەکلابێتەوە، نەك بە فشاری سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەیی نێو لیستەکانی پەرلەمان.

لەو بارەیەشەوە نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا بەردەوام لەسەر دۆزی کەرکوك یەکڕابوونە کە سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ کەرکوك لە چوارچێوەی دەستورو بە پێی خاڵەکانی ماددەی ١٤٠ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بەو پێوەرەش بێت وەك هەر شارێکی تری عیرق دەکرێ هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوك لە کاتی خۆیدا بکرێت ، نەك بکرێتە قوربانی هێزی گفتوگۆ.

## خوێندکارانی خوێندنی کوردی: مامۆستاکان هەست بە بەرپرسیارێتیی ناکەن

**ئا/ عیماد زەنگنە**

خراپ بوونی باری خوێندن و کشانەوەی ئاستی خوێندن لە پارێزگای کەرکوك بە تایبەت لە دواقۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی بووەتە هۆی وروژاندنی کۆمەڵێك پرسیار لای کەس و کاری قوتابیان لەسەر هۆکاری ئەو خراپ بوونە، هەندێ چیرۆك هەیە باس لە بڵاو بوونەوەی پشێوی و گەندەڵی دەکات، هاوکات لەگەڵ گوێ نەدانی زۆر لە مامۆستایان و هەست نەکردنیان بە لێپرسراوێتی مرۆیی و نیشتمانی بەرامبەر بە قوتابییەکان، بە ئامادەنەبوونیان لە قوتابخانەو داواکردنی بەرتیل و بە کارنەهێنانی شێوازی گونجاو بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکان، هەروەها خەریك بوونی هەندێ مامۆستا بە کاری بازرگانی و دوور کەوتنەوە لە پیشە سەرەکیەکەی، تەنانەت ئامادەبوونیشیان لە ناچارییە، سەرباری ئەوانە وانەی تایبەتی پشکی گەورەی هەیە لە ناوبانگی پەروەردەی کەرکوك، کە مامۆستا بووەتە بازرگان و بڕی ملیۆنێك وەردەگرێ بۆ هەر بابەتێك هەموو ئەو سەلبیاتانە پەروەردەی کەرکوك دەستەوەستان بووە لە ئاستی و چارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزیوەتەوەو ڕێژەی دەرچوون لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی ئەم ساڵ لە ٢٨٪ بووە کەرکوك نۆزدەیەمین بووە



لە کۆی "٢٠" بەڕێوەبەرایەتی، ئەو ڕێژەیە لە ساڵی پاریش کەمترە کە لە ٢٤٪بوو، هەندێك لە مامۆستایان هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ گرانی پرسیارەکان بە تایبەتی لە وانەی بیرکاری و فیزیا لە شەشەمی زانستی، مامۆستایەك وتی: ئیدارە لێهاتوو نیەو ڕۆڵی هەبووە لە کشانەوەی ڕێژەی دەرچوون، خوێندکار (سالار عەلی) لە ئامادەیی ئەحمەدی خانی وتی: هەرچەندە هەندێ مامۆستای باشمان هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا هەندێ مامۆستامان هەیە ناتوانن بەباشی وانەکان بگەیەننە خوێندکاران و لێیان تێ ناگەین، هەروەها هەندێ بابەتمان تەواو نەکردووە بە تایبەتی فیزیاو زیندەوەرزانی مامۆستای فیزیا پشتی بەستبوو بە نوسین لەسەر تەختە.

سەردار محەمەد خوێندکارە لە ئامادەیی ئیمام قاسم وتی: لە سێ وانە کەوتبووم، کیمیاو بیرکاری و ئینگلیزی، هەرچەندە من خۆم بۆ دەرچون دانابوو، ئێمە کێشەی کەمیی مامۆستامان هەیە، لەوانە پەروەردەی ئیسلامی تەنها مانگێك وانەمان بۆ وتراوەتەوە، مامۆستای ئینگلیزی دوو سێ وانەی وتەوەو گواسترایەوە، تا کۆتایی ساڵ مامۆستامان بۆ نەهات، کە هاتیش لێی تێنەگەیشتین و بواریشی نەدا گفتوگۆی لەگەڵ بکەین، ئەگەر یەکێکیش قسەی بکردایە دەری ئەکردە دەرەوە لە پۆل، لەلای بەڕێوەبەر زۆر شکاتمان کرد، بەڵام ئەیوت من دەستوەرنادەمە کاری مامۆستای ئینگلیزی، (سالار جەمال) لە ئامادەیی کوردستانی کوڕان وتی: کێشەکە زۆری ژمارەی خوێندکارو کەمیی ژمارەی مامۆستایە، چل خوێندکار لە پۆلێکدا دەبێتە هۆی پاڵەپەستۆ لەسەرمامۆستاو ناتوانێت بابەتەکە بە باشی ڕاڤە بکات، دوو ڕۆژ پشوش لە هەفتەیەکدا هۆکارێکی دیکەیە.

شاهۆ سەمەد خوێندکاری ئامادەییە دەڵێ: ئەمساڵ لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەرچووم، بەڵام قوتابخانەکەمان خراپترین قوتابخانەی کەرکوکە، هەندێ خوێندکار چەك هەڵدەگرن بە بیانوی ئەوەی کوڕی بەرپرسە، مامۆستاکانیش دەترسن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن، کوڕە بەرپرسێك دەناسم ئاستی زۆر خراپ بوو لە بەکالۆریۆس دەرچوو، لەو بڕوایەدام پرسیارەکانی دەسکەوتبێت، سەیرە یەکێکی تر لە شەش وانە کەوتبوو داخلی تاقیکردنەوەی بە کالۆریۆس بوو، سەرپەرشتیاران سەردانی پۆلەکان ناکەن، وتیشی: ئەم ساڵ دەرچووم هەندێ مامۆستا جیاوازی دەکرد بە هۆی نەتەوەوە بۆ نمونە یەکێك دوا بکەوتایەو بیناسیایە ڕێگەی دەدا بێتە ژوورەوە، بەڵام بۆ یەکێکی تر ڕێگەی نەدەدا، خوێندکار هەیە مانگی یەك جار دەوام دەکات کەچی دەرچووە، بەرتیل خواردن هەیە خۆم جارێکیان "١٠٠" هەزار دینارم دا تا تێکڕای نمرەکانم ٥ نمرە بەرزبێتەوە.

## نەبەردییەکانی دوێنێ، حیکایەتەکانی ئەمڕۆ

# هێرشەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر سەرکردایەتی (ئەنفالی یەك - سەرگەڵوو- بەرگەڵوو)

**ئامادەکردنی: خالید کاوێس قادر**



**بیرەوەری**
**میکائیل مستەفا مراد**
**ناسراو بە (شەماڵە خڕە)**

لە پاشئەوەی شەڕی چەند ساڵەی عێراق - ئێران گەیشتە چڵەپۆپەی بەهێزیو توانایی و هاوکاری نێو دەوڵەتی، تای ئەو شەڕە قورس و ئاڵۆزانەی کە بە هەزارەها کەسی تێدا بوو بەسوتەمەنی و تای جەنگەکەش لەبەرژەوەندی عێراق و وڵاتە زلهێزەکان بوو، بۆ ئەوەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەو ئەزموونەی تووشی شکست بێت.

لە کۆتایی مانگەکانی ساڵی ١٩٨٧و سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەعس بە هەموو توانای سەربازیو مادییەکانی خۆیەوە، کەوتە بەرنامەڕێژی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی گەلی کوردستان و فراوانکردنی هێزو دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی بەردەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

بۆ ئەو مەبەستە ڕژێمی بەعس هەرچی هێزی خۆی هەبوو وەك فەیلەقەکانی سەربازی کە ئەوکاتە سوپای زلهێزی عێراق لە چەند فەیلەقێ پێکهاتبوو، هەروەها هەرچی گەورە ئەفسەری سەربازی هەبوو لەو شەڕانە دژ بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەکاریان هێنا، لەو سەردەمانە سوپای عێراق بە سوپای (١) یەك ملیۆن سەربازی ناسرابوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی لە چەند هەزار کەسێك نەئەدا، توانا سەربازییەکانی ڕژێمی بەعس لەو پەڕی توانایدا بوو، باشترین جۆری چەکی سەردەمانەی هەبوو، بەچەکی کۆکوژی کیمیاویو تۆپی دوور هاوێژەوە، بەڵام توانا سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگە زۆر سادە بوون و بەکەڵکی شەڕی جەبهەیی و درێژخایەن نەدەهاتن.

گوندی سەرگەڵوو - بەرگەڵوو لە سنووری دۆڵی جافایەتییە لە نێوان شاری سلێمانیو شارۆچکەی دوکان بەلای شارباژێردا، لای سەروویەوە گوندەکانی هەڵەدن و یاخسەمەرو مالوومەو چالاوەن، بەلای خۆرهەڵاتییەوە چیای ژیلوان و ئاسنگەرانن، بەلای خۆرئاواوە زنجیرە چیاکانی دابان و هەلاج و قەرەتیکانن، بەلای خوارووییەوە، گوندەکانی قەرەنگوێ و قۆمرغانە تا دەگاتە شارۆچکەی دوکان.

بنکەو بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ڕاگەیاندن و نەخۆشخانەشەوە لەو دۆڵە بوون.

بارەگای مەڵبەندی (٢)ی کەرکوك لەناو سەرگەڵوو بوو، بەڕێز شێخ دارای حەفید بەرپرسی بوو، ئەو تیپانەی سەر بەو مەڵبەندە بوون ئەمانە بوون (تیپی ٥٧ سەگرمە ، ٥٣ی شێروانە ، ٢٥ی خاڵخاڵان ، ٢١ی کەرکوك ، ٢٣ سورداش ، ٤٧ی پیرەمەگروون ، ٤٣ی ئاسۆس ، ٥٩ی حەمرین ، تیپی تایبەتی مەڵبەند).

لەو کاتانەی کە ڕژێمی بەعس هێرشەکانی ئەنفالی بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گوندو شارۆچکەکانی کوردستان دەستپێکرد، جگە لەوەی خاوەنی هێزێکی سەربازی بە توانا بوو، هەروەها زیاتر لە (٤٠٠) فەوجی سووکایەتی جاشایەتی کوردی هەبوو، کە خۆیان لە باوەشی ڕژێم دالدە دابوو، وە ڕژێمی بەعس بە هەموو شێوەیەك یارمەتی ئەدان، بۆ ئەوەی زەبری کوشندە لە هێزی پێشمەرگە بدەن و لەهەمان کاتدا گوند بەگوند چاوساغی ڕژێمیان ئەکردو تاڵان و بڕۆی گوندەکانی کوردستانیان ئەکرد.

بەر لەوەی هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتی لە دۆڵی جافایەتی دەست پێ بکات، سەرکردایەتی ئاگاداری نەخشەکانی ڕژێم بوو کە بە نیازە شەڕێکی بەربڵاو بکاتە سەر هێزی پێشمەرگە، بە تایبەتی دۆڵی جافایەتی، بۆ ئەو مەبەستە سەرکردایەتی چەند جارێك هێزەکانی خۆی کۆکردەوە، بۆ ئەو سنوورە بە تایبەتی لە هەموو مەڵبەندەکانەوە ، واتە مەڵبەندی یەکی قەرەداخ و مەڵبەندی دووی کەرکوك و مەڵبەندی سێی باڵەکایەتی و مەڵبەندی چواری بادینان، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزعەکە هێمن بوو، هێزەکان هەندێ جار ئاڵوگۆڕیان پێ دەکردن، یان دەگەڕانەوە سنوورەکانی خۆیان.

دواجار لە سەرکردایەتییەوە برووسکەی بە پەلە بۆ تیپەکان کرا بەرەو سەرکردایەتی بچن ، چونکە ڕژێم بە قوەتێکی زۆرەوە لەو سنوورە بە نیازی هێرشکردن بوو بۆ سەر سەرکردایەتی.

ئێمە وەك تیپی ٢١ی کەرکوك لە ڕێکەوتی ١٩ /٢ /١٩٨٨ لەگەڵ تیپی ٥٧ی سەگرمەو ٥٣ی شێروانەو ٢٥ی خاڵخاڵان وەك ڕەتلێکی هێزی پێشمەرگە کەخۆی لە(٥٠٠- ٦٠٠) پێشمەرگە دەدا، لە سنووری قەڵاسێوکە (گۆپتەپە - عەسکەر - سوورقاوشان - چەمی ڕێزان) ئەم هێزە کۆبوونەوەو عەلی بچکۆڵ و مام ڕۆستەم و فەرماندەی تیپەکان سەرپەرشتیاری ئەم ڕەتڵە بوون.

لە ڕێکەوتی ٢١ /٢ /١٩٨٨ لە گوندی سرد مەفرەزەیەکی (٢٠) پێشمەرگەیی کاتژمێر ٤ ی ئێوارە دەست نیشان کران بۆ کەمین دانان لە سەر جادەی دوکان - سلێمانی لە ڕاستی گوندی شەدەڵە، بەرلەوەی لە جادەکە نزیك ببینەوە، بنکەی جاش لەسەر جادەکە هەبوو، ئەوان ئاگاداری پەڕینەوەی پێشمەرگە بوون لەو جادەیە، کە لە دوورەوە چاویان بە ئێمە کەوت یەکیان هاواری کردو وتی: هێزێك لەلای دوکانەوە بەرەو سلێمانی دێت، ئاگاداری خۆتان بن .

کە سەیارەکان نزیکمان کەوتنەوە، ئێمە لەسەر جادەکە بووین،ئەوان پێك هاتبوون لە ئیڤایەکی پڕ سەربازو گاز قیادەیەك و (٢) لاندکرۆزەرو (٢) دەبابە، ئەوان لەسەر خۆیان ئەهاتن، ئێمە یەکسەر تەقەمان لە ئیڤەکە کرد، لەبەر ئەوەی بە پەلە تەقەمان لەو هێزە کردبوو، ئەوان توانیان دەرباز بن و بگەڕێنەوە بۆ دواوە واتە بەرەو شارۆچکەی دوکان.

کە ڕەتڵەکەی خۆمان گوێیان لە دەنگی تەقەو ئارپی جی و بیکەسی تەقاندنی ئێمە بوو، بەپەلە بەرەو لای ئێمە هاتن، بەڵام بەرلەوەی ئەوان بگەنە لامان، (٦) کۆپتەر گەیشتە سەرمان و ئێمە لە پەنای دارو بەردی ئەو شوێنە دابەش بووین و دامەزراین، کۆپتەرەکان کەوتنە دەست ڕێژکردن و سووڕانەوە لەو شوێنە بۆ ماوەی (١٥ - ٢٠) دەقەیەك، کەس لەو دەست ڕێژە لە ئێمە بریندار نەبوو، کە کۆپتەرەکان گەڕانەوە، (٥) پێنج پێشمەرگەمان پەڕییەوە ئەو بەری جادەوە کە من یەکێك بووم لەو کەسانە، ئەوانی ترمان لەبەرامبەر جادەکە مانەوە، ڕژێم وای دانابوو بە هۆی بۆردومانی کۆپتەرەکانەوە کەس لەوێ نەماوە، دووبارە ئەو هێزەی ڕژێم هاتنەوە بەرەو سلێمانی، لە شوێنی کەمینەکە ئێمە لەم بەرو ئەوبەری جادەکە کەوتینەوە تەقەکردن لێیان و لە ئەنجامدا ئیڤەیەك و چەند پارچە چەکێك و (٢) سەرباز بە دیل گیران، هەروەها چەند سەربازێکی تر لەسەر جادەکە کوژرابوون، بەڵام ئەوانی تر دەربازییان بوو، پاشان زانیمان ئەو هێزەی ڕژێم پاسەوانی (هاشم سوڵتانیان) کردبوو، کە لە دوکانەوە بەرەو سلێمانی دەچوو، کە بەرنامە داڕێژەری ئەنفال بوو لەو سنورە.



لەڕاستەوە/ شەهید دلێرە سوور/ فەرماندەی کەرت (لەشەڕی سەرکردایەتی شەهید بوو)
شەهید حاجی هەڵمەت( لەیەکەم ڕۆژی ڕزگارکردنی کەرکوك لەبەهاری ١٩٩١ شەهید بوو)

ئێمە لەو کەمینە سەلامەت بووین و بە سەلامەتی پەڕینەوە، بەرەو شەدەڵە بەڕێکەوتین، ئیڤاکە لای تیپی ٥٧ی سەگرمە بوو، چەند پێشمەرگەیەکیان لە دواوەی ئیڤاکە ئەبێ، یەکیان ئارپی جی پێ بووەو گوللەکەی بەستاوەو ئەمنی نەکردووە، لە کاتی تاسەکردن وا دیارە پەنجەشی لەسەر پەلا پیتکەکەی بووە، ئارپیجیەکەی تەقیەوەو (٦ -٧) پێشمەرگەی بریندار کرد.

ڕەتڵەکەمان تا کاتژمێر (٧ - ٨)ی شەو لە شەدەڵە کۆبووینەوە، دونیا زۆر سارد بوو، ئەو ساڵە بەفرێکی زۆر باریبوو، وەك کەرتی (٢) ی تیپی ٢٥ خالخالان بەرەو گوندی تیمار بەڕێکەوتین، کە چووین زۆر شەکەت و ماندوبووین، برسیمان بوو، لەوێ یەك دوو مەفرەزەی پێشمەرگەی لێبوو بارەگایان دابوو، وابزانم برادەرانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بوون، لەوێ تەوزیع بووین لەماڵەکان، خەڵکی گوندەکە بەزۆری لە شوێن خۆیان مابوونەوە، لە تیمار شوێنێکیان بۆمان دیاری کردبوو، لە دەوری گوندەکە، تا ٢٤ /٢ لەوێ ماینەوە، پاشان بەرەو دۆڵەبی بەڕێکەوتین، نزیکەی (٤٠ - ٥٠) پێشمەرگە دەبووین، دۆڵەبی کەوتۆتە لای چیای ورچەچ نزیك شارۆچکەی دوکان.

ئێمە کە باس لە شەڕی سەرکردایەتی ئەکەین، بەر لە هەر شتێ ئەبێ ئەوە بزانین، سەرکردایەتی زۆر لێ ی ڕوون بوو کە ڕژێمی بەعس بە نیازە هێرش بۆ ئەو سنوورو ناوچەیە بکات، هەر بۆیە هێزێکی زۆری پاراستنی لە پێشمەرگە لەو دەوروبەرە دانابوو، مەقەراتێکی زۆری دامەزراندبوو، هەم بۆ پاراستنی سەرکردایەتی، هەم بۆ ئەوەی ئەو هێزانە نەبنە بار بەسەر خەڵکی ناوچەکەوە لە خواردن و نووستن و حەوانەوە، گرنگی ئەو مەقەرانە ئەوە بوو کە بەردەوام هێزێکی زۆری پێشمەرگە لەو سنووره هەبوو، بەردەوامیش لەلایەن تیپ و مەڵبەندەکانی ترەوە دەگۆڕدران.

بەر لەوەی ئێمە بگەینە سەرگەڵوو - بەرگەڵوو بەردەوام ئەو سنوورە لە لایەن ڕژێمەوە بەسەختی تۆپباران ئەکراو بەردەوامیش لە قوڵەکانەوە بە چەکی کیمیاوی و فسفۆری لێ ئەدراین و ئەم شەڕانە تا ڕۆژی کشانەوەمان بەردەوام بوو واتە تا ١٧ و ١٨ /٣ /١٩٨٨ بەرلەوەی سەرکردایەتی بگێریت خۆی ناوچەکەی چۆڵ کرد، وە خەڵکی ناوچەکەش ئاگادار کردبۆوە کە ئەو سنوورە بە جێ بهێڵن، ئێمە دوا شوێن لە مەیدان لە پشتی سەرمۆرد بووین کە شوێنی هەواری سەرمۆردییەکان بوو لە وەرزی هاویندا.

بەر لەوەی ئێمە پاشەکشە بکەین، ئەمریان پێدراین هەر چەك و تەقەمەنییەك کە ناتوانین لەگەڵ خۆمان بیانگوازینەوە، بیان تەقێنینەوەو هەموو بارەگاکانیش بسووتێنن، بۆ ئەوەی هیچ جۆرە مەعلوماتێ نەکەوێتە دەستی ڕژێمەوە، دیلێکی زۆرمان لابوو، دیلەکانمان بەرەو سنووری ئێران بردو هەموویانمان پاراست، هەروەها هەرچی بریندارێ پێشمەرگە هەبوو بەرەو ئێران بەڕێیان کردن، لەلایەن سەرکردایەتیەوە هەموو هێزەکان ئاگادارکرانەوە کەبەرەو سەرگەڵوو بچین، سەر لە ئێوارەیەکی درەنگ لە مەیدانەوە بە چیای ژیلوان سەرکەوتین و بەر لەوەی ئێمە بکەوینە ڕێ، لەبەر ئەوەی بەفرێکی یەکجار زۆر باریبوو، وەزعی پێشمەرگەش باش نەبوو بە هۆی سەرماو سۆڵ و تۆپباران و کیمیاباران و ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی شەڕەکان لەگەڵ ڕژێم، هەر بۆیە سەرکردایەتی بۆ ئەو شوێنە سەختانە خەڵکی تەرخان کردبوو کە ئەو ڕێگاو بانانە لە بەفر پاك بکەنەوە بۆ ئەوەی هێزەکان زۆر ماندوو تر نەبن و بە ئیسراحەت بگەنە سەرگەڵوو وەهەروەها بناری چیای ژیلوان، لەو کاتانەی ئێمە بەنیازی پاشە کشێ بووین، سەرجەم خەڵکی گوندەکانی ئەو سنووره پاشەکشەیان کردبوو بەرەو سنوورەکانی ئێران و تاك و تەرا خەڵك مابۆوە، تەنانەت ئەوەی پێی کرابوو مەڕو ماڵات و کەل و پەلی خۆشیان ڕزگار کردبوو.



کە شەوەکەی گەیشتینە سەرگەڵوو، برووسکە کرابوو بەڕێ بکەوین بەرەو گوندی چالاوەو بناری ژیلوان، تەواوی هێزەکەمان ناوچەکەیان چۆڵ کرد، لە گوندی چالاوە چاومان بە کاك کۆسرەت و ملازم عومەر کەوت، کە دوا بەشی هێزەکە بوون لە پاشەکشە کردن.

ئەو شەوەی پاشەکشەمان کرد هێزەکەمان لە شەوەوە تا تاریك و ڕوونی بەری بەیانی بەناو بەفردا هەر بە ڕێگاوە بووین، هێزەکەمان خۆی پتر لە هەزار پێشمەرگە دەدا.

کاتێ ڕۆژ بۆوە، گەیشتینە دۆڵی شێخ محەمەد کە بە پیادە (٣- ٤) سەعاتە ڕێ دەبوو، لە بەفر بەو لاوە هیچی تر نەئەبینرا، مەڕو ماڵاتی زۆر یان بەرەڵڵا ببوو، یان ڕەقەوە ببوون ، پاشان هێزەکەمان بەرەو شاناخسێ ڕۆیشت و پتر لە (٢) هەزار پێشمەرگە لەوێ کۆبوونەوە، یەك شەو لە شاناخسێ ماینەوەو بۆ ئێوارەکەی بە ڕێکەوتین بەرەو سەردەشت لە سنووری ئێرانەوە، ئەو پێشمەرگانەی لە شاناخسێ مابوونەوە بۆ بەیانییەکەی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بە کیمیاوی لێیانیداو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی (٨) پێشمەرگە بە کیمیاوی شەهید بوون کە یەکیان دکتۆر هادی بوو کە پزیشکی سنوری کەرکوك بوو، هەروەها (٤٠) پێشمەرگەی تریش بە سەختی بریندار بوون، جێگای ئاماژە بۆ کردنە وەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان ملازم عومەر لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری سەرپەرشتی بەرەکانی شەری ئەکردو لەلایەن ڕژێمیشەوە عەدنان خەیروڵڵا وەزیری بەرگری سوپای عێراق و عەلی حەسەن مەجید سەرپەرشتی هێزەکانی ڕژێمی بەعسیان دەکرد، قوڵەکانی شەڕەکە لە شەدەڵەو شاخەکانی پشتی سەرگەڵوو وە زنجیرە شاخەکانی جاسەنەو قەمچۆغەو تا دەگاتە نزیك دوکان کاك کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرپەرشتی دەکرد.

لە سنووری مەرگەوە تا ئاسۆس و قەڵەم پاشاو دۆڵ مازەڵە، خوالێخۆشبوو جەبار فەرمان سەرپەرشتی دەکرد.

بەڵام قوڵی دۆڵە رووت و شاخەکانی قەیوان و کوێرنگ و دووبرا تا دەگاتە گاپێلۆن و گەڕەدێ کاك بەکری حاجی سەفەر بە هاوکاری شێخ جەعفەر شێخ مستەفا سەرپەرشتی دەکرد.

لە شەڕی سەرکردایەتی کە بە هەزاران سەربازو ئەفسەری بەعسی کوژران، بە جاشی خۆفرۆشیشەوە، بەڵام زیانەکانی هێزی پێشمەرگە نزیکەی (٨٠) شەهید بوون کە چەندین فەرماندەی تیپ و کەرت و مەفرەزەی تێدابوون، وە بەدەیان هاوڵاتیش بەرچەکی کیمیاوی کەوتن و بریندارو شەهید بوون.

لە سەرەتای شەڕی سەکردایەتییەوە، کە ڕژێم بە هێزێکی لە ڕادە بەدەرەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کەوتبووە شەڕەوە، ئەو ساڵەش بەفری زۆر باری و هات و چۆی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکەش سەخت و دژوار بوو، هەر بۆیە بیر لەوە کرابۆوە، ئەگەر نەتوانرا بەرگری بکرێ، شوێنی پاشەکشەکان لە بەفر پاك بکرێتەوە بۆ ئەو مەبەستەش هانی کەسانی بە توانا درابوون کە بەو ئەرکە هەستن، تەنانەت هێزی پێشمەرگەش ڕێگاکانیان پاك دەکردەوە، هەروەها کرێکاریش بەکرێ گیرابوون بۆ کردنەوەی ڕێگای هاتوچۆ بە تایبەت لە پشت چالاوەو سەری سیرەگەوە بۆ دۆڵی شێخ محمدو زینۆی کۆنەسەو خەندەك و بیران و گەلاڵەو شینکی و هەتا ئاوەکورتێ و گوێزەلێ و ئەزمەك و شاناخسێ.

## شەهید کاکۆ دوبزی



تۆ لە ماڵی بەفرینی گەردەلوولەوە هاتیت و بەبەردەم سزای فانۆسەکان و نیگای شەهیدەکان و چپەی گیاکاندا تاریکیت لەبەیانییەکدا دەڕەواندەوە، تۆ لەگەڵ سازی ئەو بوومەلەرزانە هاتیت کە لە دوبزەوە حیکایەتی سوژدەی ئەو پیاوانەت دەگێڕایەوە کەلەبەر باراندا سەر دەبڕدرێن و مردنێکی نەورەسانە بۆ ڕێگا دوورەکانی ئومێد باسدەکەن.

کاکۆ دێت و لە دوبزەوە بە عەشقێکی سەختەوە... عەشقێك کە لەیەکەم نوتفەی ئادەمەوە هاتووەو خەم لە دڵی کۆترەکانی سەرگۆمەزو منارەکان دەردەهێنێ... خەم لە دڵی ئەو مناڵە بێکەسانە دەردەهێنێ کە ناتوانن خوێن لە چاوانی تۆفان بسڕنەوە....

کاکۆ دێت و بە جەستەیەکی زامارەوە .... بە دڵێکی مەحزوونەوە... لەم ئاهەنگی سەمایەدا... لەم ئاهەنگی ژیان و مردنەدا.... شەبەقێ بۆ ڕۆژ دەکاتەوەو کۆتایی بە کسپەی فیراق دێنێ... وەك تەمێك لەسەر زەوی بەجێ مابێ... ئەو دێت و دەڵێ با دەستەکانمان بەناوچەوانی (با)و ئەبەدییەتەوە ببەستین.

شەهید کاکۆ ئیبراهیم یابە ناسراو بە (کاکۆ دوبزی) لە ساڵی ١٩٦٣ لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو تێکۆشەر لە دایك بووە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە دوبز تەواو کردووەو پاشان بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی چۆتە کەرکوك و هەر لەوێ ئامادەیی پیشەسازی تەواو کردووە.

شەهید کاکۆ لە ساڵی (١٩٨١) وەك کەسێکی شۆڕشگێڕو خاوەن هەڵوێست و ڕۆشنبیر پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو لە ساڵی ١٩٨٢ لە تیپی ٢١ی کەرکوك بووە بە پێشمەرگە.

شەهید کاکۆ کادیرێکی چالاك و پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان بوو، چەندین جار لە ژیانی پێشمەرگایەتی بریندار بووە، بە تایبەت لە شەڕەکەی تۆڵکی زۆر بە سەختی بریندار دەبێت.

شەهید کاکۆ خێزانی پێکەوە نابوو، لە پاش خۆی دوو مناڵی چاوگەشی بۆ کوردستانەکەی بەجێ هێشت بەناوی (ئاری و سرووشت).

بەڵام سەد حەیف لە ڕێکەوتی ٢٣ /١٠ /١٩٨٣ لە داستانی بێتواتە لەگەڵ (١٠) هەڤاڵی تری شەهید دەبێت و دەگاتە کاروانی شەهیدان.

**هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاك و بێگەردی شەهید کاکۆ دوبزی و سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.**

**خالید چای**

# کۆربێ و تابلۆی بەرد شکێنەکان

**موعتەسەم ساڵەیی**

ڕێبازی راستیخوازی (الواقعیە) لە بواری ئەدەبو هونەردا لە چارەگەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا هاتە کایەوە. بەرهەمە ئەدەبیەکانی بەلزاكو مۆباسانو فلۆبێر ، لە وولاتی فەرەنسادا تۆوی ڕێبازی راستیخوازیو ریالیزمیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبوو. لە وولاتی روسیاشدا ڕێبازی ریالیزمی لە بەرهەمەکانی پۆشکینو گۆگۆڵدا چڕ بـبـووەوە. وشەی ریالیزم لە رەخنەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی ، بەندە بە داهێنەرە ریالیستیە راستیخوازە فەرەنسیەکانەوە. وەك دەردەکەوێت وشەی (Realism)بۆ یەکەم جار لە پێناوی وەسفی جوانکاریدا لە ساڵی (١٨٣٥)دا بەکار هێنرا بۆ دەستنیشان کردنی ئەو راستیە مرۆڤایەتی خوازیانەی هونەرمەندی هۆڵەندی (رامبرانت). ئەم شتەیش بە پێچەوانەی نموونەی شاعیرێتی کلاسیی نوێ بوو لە بواری هونەری وێنە کێشاندا ، لە پاشانیشدا ماناکەی تایبەتمەندی وەرگرتو بوو بە زاراوەیەکی ئەدەبی ، ئەویش لە سایەی رۆژنامەی (ریالیزم)دا کە (دیورانتی) لە ساڵی (١٨٥٦)دا دایمەزراند.(١)

لە جیهانی هونەری وێنەکێشاندا هەردەم دەووترێت کەوا (گۆستاف کۆربێ)ی هونەرمەند ، بە رابەری قوتابخانەی راستیخوازی ریالیزمی دادەنرێت. ئەم هونەرمەندە فەرەنسیە لە ساڵی (١٨١٩)دا لە ناوچەی (تۆرنوس) دا لە بنەماڵەیەکی دەسترۆدا هاتۆتە دونیاوە. هەر کە خۆی ناسیەوەو تێکەڵ بە جیهانی وێنە کێشان بوو ، هەردەم وەهای پیشاندەدا گوایە قوتابیەکی دڵسۆزی (داڤید)ی کلاسی نوێخوازە. لە پێناوی نەشو نما کردنی بەهرەی هونەریی لە ساڵی (١٨٣٩)دا روویکردە شاری پاریس. لە پایتەختدا کەوتە ژێر کاریگەرێتیی بەرهەمەکانی (ئەنگرێس)و (یۆژین دێلاکروا)وە. لە ساڵی (١٨٤٤)دا تابلۆی (خۆیو سەگەکەی) لە پێشانگای ساڵانەدا بەشداری کرد.

کۆربێ هێدی هێدی پەیوەندیی خۆی لە تەك ناودارەکانی ئەو سەردەمەدا پتەو کرد ، وەك (بۆدلێر)و (دۆمێ)و (کۆرۆ)و (برۆدۆن).. ئەوە بوو پۆرترێتێکی دانسقەی بۆ (بۆدلێر)ی شاعیری هیما خوازی کێشا. بە هۆی لێهاتوویو دەسترەنگینیی خۆیەوە ، توانیی لە ساڵی (١٨٤٩)دا میدالیای زێڕین بە دەست بهێنێت.

لەبەر ئەوەی هونەرمەند لە ناوچەیەکی قەشەنگو رەنگیندا لە دایك ببوو ، بۆیە دەبینین لە نێو زۆرێك لە تابلۆکانیدا ، دیمەنی



سروشتو دەشتو دەر رەنگیان داوەتەوە. هەروەها بە زۆری گێڕۆدەی روخسارو قەدو باڵای کچە شۆخە فەرەنگیەکان بوو. ئەمەیش پاڵی پێوەنا کە چەندین تابلۆی خۆی بۆ کیژە شۆخە نەرمو شلو گۆشتنە چاو مەستو خوماراویەکان تەرخان بکات. بڕوا بە خۆ کردن وەهای لێکرد کە لە چوار چێوەی چەند تابلۆیەکدا پۆرترێتی خۆی بکێشێت. لە هەمان کاتدا هونەرمەند بەوە ناسرابوو کە سەرپێچی کاری دابو نەریتو رێو رەسمی باوی کۆمەڵایەتی بوو. لە تەك قەشەو پیاوانی کلێسەدا لە بەرەنگاریەکی



هەمیشەییدا بوو. تێکرای پێشانگاکانی ئەو سەردەمە تابلۆی (گەڕانەوە لە کۆنگرێس)یان رەتکردەوە. لەو تابلۆیەدا وێنەی چەند قەشەو پیاوێکی ئاینیی سەرخۆشو مەستی کێشابوو. لە ئەنجامدا قەشەیەکی کەڵەمەرەقی توندڕەوی کاسۆلێکی تابلۆی ناوبراوی بە پارەیەکی زۆر کریو لە پاشاندا پارچە پارچەی کردو لە نێوی برد..

هونەرمەند بەشداریی شۆڕشی ساڵی (١٨٤٨)ی کرد ، رقو کینەی چەند دەستەو گرۆیەکی بۆ خۆی بەکێشکرد.. دەگێڕنەوە کە ناپلیۆنی سێیەم ، رۆژێك بە تووڕەییەکی زۆرەوە تابلۆیەکی هونەرمەند لە پێشانگادا بە قامچی شیتاڵ شیتاڵ دەکات..!

ئەو دیاردەیەی کە لە بەرهەمەکانی (کۆربێ)دا بە زەقی خۆی دەنوێنێت ، بریتیە لەو بایەخدانە زۆرەی لە پێناوی گواستنەوەی رواڵەتەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکی سادەو ساکاری کۆڵانو بازاڕو شوێنە گشتیەکان. زۆر جار لە نێو تابلۆکانیدا وێنەی کرێکارو وەرزێرو مرۆڤی ئاسایی بە دی دەکرێن. بەمەیش هونەرمەند سەرپێچی نەریتی کۆنو باوی پێش خۆیکرد. وەك ئەوەی پێشتر بە زۆری هونەرمەندان بایەخیان بە وێنە کێشانی پیاوانی کلێسەو پاکمەندو پاکیزەو بابەتی ئاینی دەدا. لەم رووەوە کۆربێ ووتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: (گەر دەتەوێت وێنەی فریشتەی ئاسمان بکێشم ، فەرموو چەند فریشتەیەکم پیشان بدە.!)(٢).

تابلۆی (بەرد شکێنەکان) بە نموونەیەکی بەرزو ئاشکرا دادەنرێت ، بۆ دەرخستنی ڕێبازو جۆری ئیشکردنو شێوازی دەربڕینی کۆربێ. تابلۆی ناوبراو لە ساڵی (١٨٤٩)دا بە بەرهەم هێنراوەو لە پێشانگای ساڵانەی (١٨٥٠)دا پیشانی بینەران درا. ناوەڕۆکی کەڤاڵە کە بریتیە لە دەرخستنی دیمەنی دوو کەسی کرێکاری رۆژانە ، کە لە قەد پاڵێکدا خەریکی بەرد شکاندنو گواستنەوەی بەردن. ئەم ناوەڕۆکە گیانی سەرپێچی کردنو یاخی بوون دەگرێتە خۆی. هەر لەبەر ئەم هۆیانەیشە کە ئەم بەرهەمە هونەریە رێو جێیەکی شیاوو لەبەر چاو گیراوی هەیە لە مێژووی هونەردا. نهێنی سەرکەوتنی لەوەوە هەڵقوڵاوە ، کە بە رواڵەتو روخسارو گۆشە نیگاو بۆچوونێکی تازە بابەتانەوە لە سەردەمەکەی خۆیدا سەری هەڵداو رووبەرووی بینەران بووەوە. دەشێت بڵێین کە ناوەڕۆکی بە شۆڕشێك دەژمێررێت لە رەوتی هونەری ئەو سەردەمەدا. لەبەر ئەوەی چاوی بینەران بەوە رانەهاتبوو کە بابەتێکی ساکارو دیاردەیەکی رۆژانەی ئاسایی ببێت بە مایەی کاری هونەریو لە نێو چوار چێوەی تابلۆیەکدا ببینرێت. بۆیە لە کاتی خۆیدا لەو سەردەمەدا رقەبەرەیەکی زۆری کرا. تەنانەت هەندێك لە رەخنەگران بەرەنگاریەکی توندو تیژیان کردو بە روویدا هەڵشاخان. تابلۆی (بەرد شکێنەکان) لە مۆزەخانەی (دریسدن)ی ئەڵمانیدا پارێزرابوو ، بەڵام بەداخەوە بەهۆی رووداوو کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهانیەوە لە ساڵی (١٩٤٥)دا ئەم تابلۆ بە نرخە لەنێوچوو(٣)..!.

لە ساڵی (١٨٥٥)دا بە سەرپەرشتی ناپلیۆنی سێیەم پیشانگایەکی جیهانیی گەورە لە شاری پاریسدا ساز کرا ، شتێکی ئاسایی بوو کە تابلۆکانی کۆربێ ، لەلایەن سەرپەرشتی کارە ئەکادیمیە کۆنە ویستەکانەوە رەتبکرێتەوە. هونەرمەند بە ناچاریەوە هەڵسا بە کردنەوەی پیشانگایەکی تایبەتی بۆ بەرهەمەکانی خۆی بە تەنیشتی کۆشکی هونەرەکانەوەو ناوینا (لقی ریالیزمی) (٤).

هونەرمەند لە ساڵی (١٨٧٠)دا بەشداریی کۆمۆنەی پاریسی کرد. لە کۆنگرەی نێو دەوڵەتیی پارێزگاریی نیشتمانیدا پێشنیازی ئەوەی کرد ، کە ستوونی ڤاندۆم لە مەیدانی شاری پاریسدا لابرێتو لە مۆزەخانەی لۆڤەردا بپارێزرێت ، چونکی بەڕای ئەو ستوونەکە کۆتەڵێکی ناپلیۆنی بەسەرەوە بوو ، بەو پێیەیش شکۆمەندی ناپلیۆنی پیشاندەدا. لە رێکەوتی دووازدەی ئەپریلدا ستوونی ڤاندۆم لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە رووخێنرا. ئەم رووداوەیش بووە هۆی ئەوەی کە لە ئاکامدا کۆربێ تاوانبار بکرێتو بدرێتە دادگا ، بە تۆمەتی ئەوەی گوایە ئەو خەڵکی هانداوە کە بەو کارە هەڵبستن. ئەوە بوو دادگا دە هەزار فرەنکی پێ بژاردو بۆ ماوەی شەش مانگیش خرایە زیندانەوە.

رۆژ لە دووای رۆژ باری تەندروستیی هونەرمەند تێکچوو ، لە هەمان کاتدا نەبوونیو دەستکورتی تەنگی پێ هەڵچنی. ئەوە بوو ناچار وولاتەکەی بەجێهێشتو روویکردە وولاتی سویسرە. لە مانگی دێسەمبەری ساڵی (١٨٧٧)دا (گۆستاف کۆربێ)ی هونەرمەندی ریالیستیی مەزن کۆچی دووایی کرد.

پەراوێزەکان:

١. ضهور الروایة الانکلیزیة. أیان وات. و: یوئیل یوسف عزیز.بغداد (١٩٨٠)ل٨.
٢. النقد الفني. اندري ریشار. و: صیاح الجهیم دمشق ١٩٧٩ ل ١٩.
٣. قصیدة وصورة. د. عبد الغفار مکاوي. عالم المعرفة ١٩٨٧ کویت ل ٢٨٤.
٤. گۆڤاری (الجیل) مارس ١٩٨٩ ل ١٢٠.

# شاعێریکی تەنیا لە شەوێکی جەنجاڵدا



**شاعیری نەمساوی: رۆدۆڵف هێنز***
**وەرگێڕ: فەیسەڵ نەجم**

**١-نیشتمانێکی تازە :**

جارێکی دی مومکین نیە من ون بم
هەموو رۆژێ هەنگاو بەسەر
زەوییەکدا دەنێم
لەبەردەم پەنجەرەکەمدا درەخت
دەژینو
لە بەرامبەر شەقامەکەدا گوڵە
وەنەوشە
هیچ ماڵێك لە ئەستێرانم ناکاو
هیچ نوورێك شەوە دوورو
درێژەکانم تێكو پێك نادا
لەم بێدەنگییە ناوازەیە
تەنیا مەلەکووت هاواری بەسەردا
دەکات
ئەگەر من کۆیلەی شارو
هاروهاجی چرکە ساتەکانی نەبم
ئالەو کاتەدا
هەنگاو بەسەر زەویدا دەنێمو
مومکین نیە جارێکی دی ون بم.

**٢-گۆرانییەکی نائومێد:**

بەهەزاران شێوازی مردن
دەمهێنێتە ژیانەوە
گڵپەیەك رقی لێم بۆوە
مناڵی ونکردم
لەبەر دەم دەرگای نامۆ سواڵ
ئەکەم
بەرەکەتی دایکە ئێوارانەکەم
هەمیشە لە ئێسكو پرووسکم
چەخماخە دەکا
لە ڕێگاکانی شەوێکدا
بە تالووکە دەڕۆمو هەڵدێم
بۆ شوێنگەی سێبەرێکی بەسەرچوو
لە لەوەڕگا بژوێنەکەم، کونە
بەبوویەك دەژیو
تا ئێستا کە بەخۆم نەگەیشتووم
جۆگەلەکان لە ناخمدا هاژەیان دێ
لەسەر دەستی بەیانییەکی تەڕ
مانگێکی ناشرین دانیشتووە

**٣- پێگەیشتن**

لەم جیهانەدا دێمو دەچم
ئایا جیهان بەمندا گوزەر دەکا؟
ئایا رۆژ لە ناخمدا دەگەشێتەوە؟
کاتێ شەقام بەسەرخۆشییەوە هاوار
دەکا
گوێم لە هیچ شتێ نیە:
کەواتە من هەم
تەنانەت لە خەونیشدا
زرنگو هۆڕی لە دەوروبەرمدا
دەشکێتەوەو
گابەردێك بەسەدان جار
بە ڕوخسارم هەڵدەزنێ

**٤-بۆ خودی خۆم :**

لەشەقامە ڕێیەکی زۆرەوە
دەتگەڕێنمەوە بۆ لای خۆم
ئەی خوی پاکی زەییم
گیانەڵای براکەم... بەختێك نیە
ئەو کاتەی لەبەرامبەر جەماوەر
وەستام
لەسەر ئەستونگی جنێوبارانکردن
هەر گەمژەیەك خۆی بەزانا
ئەژماردو
تفی لەڕوخسارت دەکرد
لەناخی خۆتدا هێمن بە
ئەوە تەنیا روناکییەك بوو بزربوو
بۆ ئەوەی جەماوەری گەمژە
نەتشێلن
بەرلەوەی لەتو پەتبی ... هێمن بە
تا ئەو دەمەی زەمەنی تۆ دێت
تۆ تازەو ئێمەش حەقیقەتەکان
هێمن بە ئەی خودی خۆم
تۆ لەگەڵما بمێنەوە
ئەی نیوە دورگەی ئاخرینی خودا

*رۆدۆڵف هێنز لەساڵی ١٨٩٧ لەنەمسای خواروو هاتۆتە دونیاوە، زمانی ئەڵمانیو مێژووی هونەری لەڤێنا خوێندووەو لەساڵی ١٩٢٣ بڕوانامەی دکتۆرای لەفەلسەفە وەرگرتەوە، لەساڵی ١٩٥٥ گۆڤاری (وشەیەك لەزەمەنەوە)ی رۆشنبیری دەرکردووە، جگە لەبواری شیعر، لەبواری نووسینەوەی پەخشانو رۆمانیش کاری کردووە، لەساڵی ١٩٨٧ لەڤێنا کۆچی دوایی کردووە.

# شنەبای ئەدەبیاتی ژنان

**بەڵێن خالید پاشا ــــــــ (بەشی سێیەم)**

خوێنەری خۆشەویست" بۆ لەنزیکەوە شارەزابوون لەئەدەبیاتی ژنانە ، لەهەر ژمارەیەك چەند کتێبێکتان پێشکەش دەکەین ، کەبە قەڵەمە بەپێزو ناسکەکەی ژنان نووسراوەتەوە ، لەبوارەکانی ڕۆمان و بیرەوەری ، بەو ئومێدەی سوود بەخوێنەرانمان بگەیەنێ .




**٩- ژنە ئێمپراتۆرییەتی ئۆرکید**
**نووسینی : ئەنتشی مین**
**٢٠٠٤ - ٢٠٠٦ ڕۆمانێکی مێژوویی**
**زمانی ئینگلیزی - فەرەنسی - ئیسپانی**

لەم ڕۆمانە مێژووییەدا ، (مین) دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی (تسوهسی یان ئیمپراتۆریەتی ئۆرکید) ئەو ئافرەتەی ماوەیەکی دوورو درێژ حوکمرانییەتی چینی دەکرد کە لە سەرەتای ژیانییەوە وەك ئافرەتێکی پاكو بێگەرد لە کوچەیەکی هەژارنشینی چین دەژیا ، پاشان بوو بە ژنی چوارەمی ئیمپراتۆرو پاشان دایکی دوا ئیمپراتۆریەتی چین .

خانمە نووسەر مین هەستاوە بە پێچەوانەی مێژوونووسان لایەنە سۆزدارییەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی وەرگرتووە ، وەك ئەوەی مێژوو نووسان بە خانمی ئەژدەهاك ناوی دەبەن .

ئەم ڕۆمانە پەردە لە سەر ژنە ئیمپراتۆریەتی ئۆرکید هەڵدەداتەوە بەراناوی کەسی یەکەم کە ئافرەتێکی دژوارو زۆر زیرەك بووە ، دەسەڵاتو جوانە سێکسییەکانی خۆی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر پەرە بە دەسەڵاتی خۆی بدات ، لە کۆمەڵگایەك کە پیاوان تیایدا باڵا دەستن .

مین بۆ ئەوەی بەباشی هەستێ بەکارەکەی ، توانایەکی لە رادەبەدەری خستۆتە گەڕ بۆ سەرخستنی کارەکەیو تەنانەت هەستاوە بە دزینی ئەو دۆسیانە لە شاری یاساغکراو لە زەینی ژیاندا ماوەتەوە لە چەرخی نۆزدەدا .




**١٠- نیوە رۆژێکی زەرد**
**نووسینی : تشیماماندا نغوزی ئەدیتش**
**٢٠٠٦ - ٢٠٠٧**
**ڕۆمانێکی سیاسی - ئەمریکا**
**زمانی ئینگلیزی --- ئیسپانی**

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە کاریگەرە باس لەو جەنگە فەرامۆشکراوە دەکات کە لە نیجیریا لە شەستەکان ڕوویداوە ، ئەوەش جەنگی ناوخۆی نیجیریایە لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی بیافرانی سەربەخۆ .

لەم ڕۆمانەدا دوو خوشکی جومگە هەن بەناوی (ئۆلاناو کاینین) هەردووکیان لە چینە دەوڵەمەندەکانی عەشیرەتی (ئیغبۆ)ن خۆشەویستیو لایەنگریان لە کاتی جەنگەکەدا وەدەردەکەوێ ، نووسەر باس لە ناخۆشییەکانو وەحشیەتو مەترسی جەنگی ناوخۆی وڵاتێك دەکات کە ماوەی سێ ساڵی خایاندووە ، دایکێك لە کۆمەڵکوژییەك هەڵدێتو سەری بڕاوی کچەکەی بەدەستنەوەیەو هەرچی کەسوکاری ئەو دوو جومگانەیەن کوژراونو سەر بڕاون .

بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکە لە روانگەی هەردوو خوشكو (ئۆغۆر) دەگێردرێنەوە کە خزمەتکارێکی تەمەن سیازدە ساڵانەو بەزۆر لە سوپای بیافران ناونووس کراوە .




**١١- رۆحەکان**
**نووسینی : ئیزابیل ئەلیندی**
**١٩٨٢ - ١٩٨٥**
**ڕۆمانێکی تشیلی**
**زمانی ئیسپانی - ئینگلیزی - فەرەنسی**

ڕۆمانە داستان ئامێزەکەی ئەلیندی باس لە چوار وەچە دەکات لە خێزانێکی تروبیا ، لەگەڵ ئاوێتە کردنی مێژووی خێزانداری بە مێژووی رامیاری لە تشیلی ، لە سەرەتای شۆڕشە کۆمەڵایەتیو وسیاسیەکانەوە تا پاش داگیرکاریو کودەتای سەربازی لە ساڵی ١٩٧٣ .

زۆربەی بەشەکانی ڕۆمانەکە لە روانگەی دوو پاڵەوانەوە دەگێردرێنەوە ، ئەویش (ئیستیبان) سەرۆکی خێزان کە هەوڵدەدات ئیمپراتۆرێك بۆ خۆی دامەزرێنێ لە کێڵگەکانی (لاس تریس ماریاس) ، هەروەها نەوەکەی خۆی (ئەلیا) کە لە پاشان دەبێتە شۆڕشگێڕێکی بەرهەڵستکاری نەنکەکەی .

هەروەها چەندین کەسایەتی تر لەوانە (کلارا) خێزانی ئیستیبیانو بلانکا دایکی ئەلبا .

ئەم ڕۆمانە بە شێوازێکی سیحر ئامێز وتایبەت نووسراوەتەوە ، کە بەباشترین کتێبەکانی سەردەم لە جیهان دادەنرێت ، هەرچەندە لە سەرەتاوە پەخشەکانی بڵاوکردنەوە رەتیان دەکردەوە .




**١٢ - بدوێ ....**
**ئافرەتێك لە کانە بەردینەکانی پۆلیڤیا**
**نووسینی : دومیتیلا باریۆس دی تشونفارا**
**١٩٧٧ - بۆلیڤیا - دانپیانان .**
**زمانی ئیسپانی - ئینگلیزی**

دومیتیلا باریوس بەسەرزەنشتێکی کاریگەرو توندەوە باس لە بەسەر هاتی خۆی دەکات لە کانەکانی قەڵایی (تصدیر) لەشاری سیڤلر ، زۆر بە شێوەیەکی کاریگەرەوە باس لە نەهامەتیەکانی ئەو ژنانە دەکات کە لەلایەن خاوەن موڵکی کانەکانەوە و لەژێر سایەی پیاو سالاری لە پۆلیڤیا دەچەوسێنەوە هەرچەندە باریۆس دی تشونغارا ژیانێکی هەژارانەو هەستکردن بە نەبوونیو چەوسانەوە ژیاوە ، بەڵام بەردەوام هەوڵیداوە ژیانی ئافرەتان لە وڵاتەکەی باشتر بکاتو گەشە بکەن .

ئەم بەسەرهاتەی نووسەر واقیعی ژیانی مرۆڤەکانو بە تایبەت ژنانە لەوڵاتێکدا کە لە لایەن حکومەتەوە پشتگوێ خراونو گەندەڵی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە .

هەرچەندە لە ئاکامی ئەو جۆرە رادەربرین و نووسینانە چەندین جار دومێتیلا باریۆس دی خراوەتە زیندانەکانەوەو ئەشکەنجە دراوە بۆ ئەوەی دەستبەرداری کاری سیاسی بێت ، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو بێدەنگی هەڵبژێرێو بەسەرشۆری لەوڵاتێکدا بژێت کە مرۆڤ هیچ نرخێکی نەبێت .

### بەرپرسی لیژنەی خورماتووی یەکێتی ژنانی کوردستان :

# ئێمە وەکو لایەنی بەرگریکار لە ژنان و کچانی شارەکە .. زۆر کەمتەرخەمین



دیدار/ عومەر ئاوارە

**لەم چاوپێکەوتنەدا کە ( کەرکوکی نوێ ) لەگەڵ بوشرا جومعە لێپرسراوی یەکێتی ژنانی کوردستان/ خورماتوو ئەنجامیداوە، ئاماژە بە هۆکارەکانی سستی و کەموکوریەکانیان دەکات، هەروەها باس لە نائامادەگی و بە پیرەوەنەچوونی ژنان دەکات لەرێکخراوەکاندا، گازەندەی ئەوەش دەکات کە بە پێی پێویست هاوکاری و کۆمەك ناکرێن.**

*** دەکرێت بزانین ئەو کارو چالاکیانە چین کە وەکو یەکێتی ژنان لە شاری خورماتوو ئەنجامتان داوە ؟**

**بوشرا جومعە :** ئێمە کارو چالاکیمان زۆرە لەناو شارەکەدا، بەڵام بە داخەوە رەنگە هێشتا وەکو پێویست کارمان نەکردبێت، لێرەشدا دوو هۆکار هەیە، یەکەمیان بارەگاکەمان لە جێگایەکی شیاودا نیە، دووەمیان لە پشوی هاویندا بە هۆی نەبوونی هۆڵێك بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانمان خوێندنگاکانیش لەو بارەیەوە هاوکارمان نابن بۆ ئەوەی بتوانین خولێك یاخود کارو چالاکێیك ئەنجامبدەین، ئەم دوو هۆکارە وای لێکردووین کە زۆر جار کەمتەرخەم بین لە کارو چالاکیەکانماندا، لەو چالاکیانەش کە ئەنجاممان داوە بریتیە لە خولی دروومان و کۆمبیوتەرو کۆڕی تەندروستیی لەناو خوێندنگاکان و زۆر جار لە ناو خوێندنگاکاندا خولی پێشبڕکێی وەرزشیی ئەنجامدەدەین، هەروەها یارمەتی پێشکەش بە منداڵی کەم دەرامەتیش دەکەین...

***تۆ ئاماژەت بەوەدا کە جێگایەکتان نیە بۆ ئەوەی کارو چالاکیەکانتانی تێدا ئەنجام بدەن، ئایا هیچ لایەنێك، یاخود یێکخراوێك هاوکارتان بوونە بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەوانەوە کارو چالاکیەکانتان ئەنجامبدەن؟**

بەڵێ لەمساڵدا رێکخراوی گەشە پێدانی لاوان لە شاری خورماتوو هاوکاری کردووین و بە هاوکاری ئەوان دورمانمان بۆ ژنان و کچانی شارەکە کردەوە، هیچ لایەنێکی دیکە هاوکاریان نەکردوین...

*** لەم دواییەدا کۆمەڵێك کێشەو گرفت روو بەرووی ژنان و کچانی شارەکە بووەوە بووە هۆی سوتاندن و خۆ کوشتنی زۆرینەیان، ئێوە وەکو لایەنێکی بەرگری کردن لە ژنان و کچان، تا چەند هەوڵتان داوە ئەو کێشانە چارەسەر بکەن ؟؟؟**

**بوشرا جومعە :** ئێمە لێرە وەکو لایەنی بەرگریکار لە ژنان و کچانی شارەکە، زۆر کەمتەرخەمین لە چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، بۆ ئەو مەبەستەش کە ئاماژەت پێدا، ئێمە هەمو مانگێك ئامارێکمان لە نەخۆشخانەکانی خورماتووەوە دێتە بەر دەست، رێژەی خۆسوتاندن و خۆکوشتنیش زۆرە بەڵام ئێمە وەکو پێویست کارمان بۆ ئەو مەبەستە نەکردووە... لەبەر ئەوە هەندێ لایەنی دیکە هەیە دەبێت هاوکاریمان بکەن، بۆ نمونە لەوانەیە چەند کارمەندێکی نەخۆشخانەکان بتوانن لەو لایەنەوە هاوکاریمان بکەن، بێجگە لەوانە کەسانێك نیە هاوکاریمان بکات، وەك ئاماژەم پێدا لە سەرەتاوە بارەگاکەمان لە جێگا کورد نشینەکانەوە دووربوو، ئەوە کێشەیە بۆ ئێمە کە ناتوانین لە خەڵکەوە نزیك بین...

***ئەگەر نەتوانن کێشەو گرفتەکانی ژنان چارەسەر بکەن، ئیتر ئێوە رۆڵتان چیە لە شارەکەدا..؟**

**بوشرا جومعە :** ئەگەر بڵێم لەم شارەدا بە تایبەت لەناو رێکخراوەکاندا، یەکێتی ژنان رۆڵی باشیان هەبووە، لە هەمو بۆنەکاندا شوێن دەستمان دیار بوە، بەڵام هەندی هۆکاری سەرەکی هەن دەبنە لەمپەر لەبەردەماندا، بۆ نمونە ئەگەر کێشەیەك روومان تێبکات بە هەموو توانامانەوە هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ دەدەین، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کێشە هاتۆتە لامان چارەسەرمان کردووە، تەنها کێشەمان ئەوەیە لە خەڵکەوە دوورین، ئەگەر بارەگامان لەناو گەرەکێك هەبوایە دەمانتوانی لە خەڵك تێ بگەین و خەڵکیش لە ئێمە تێ بگات.

***سەبارەت بەو رەخنانەی کە ژنان و کچانی شارەکە لە ئێوەی دەگرن، کە گوایە نەتانتوانیوە داخوازی و خواستەکانیان جێبەجێ بکەن و هاوکاریان بکەن و سەردانیان بکەن، لەو بارەیەوە ئێوە چی دەڵێن..؟**

**بوشرا جومعە :** من دەڵێم خەڵك خۆی ئامادە نیە بێتە پێشەوە، ئێمە هەموو کاتێك ئامادەین بۆ خزمەتکردنی ژنانی شاری خورماتوو، بۆ نمونە کە کاتێك خولێکی دروومان دەکەمەوە، ئەم کارە بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی، ئامادەیە بەشدار بێت، بەڵام کاتێك بانگهێشتی دەکەیت بۆ کۆڕێك، ئەوا وای بۆ دەچێت لە کۆڕەکە شتێکی عەیبە، وا دەزانێت کۆبوونەوەیە، بەشداری ناکات، لەبەر ئەوەی خەڵکی شاری خورماتوو خۆیان ئامادەنین بێنە پێشەوە، ئەگنیا ئێمە بە هەموو شێوەیەك ئامادەین خزمەتی ژنانی ئەم شارە بکەین ...

***بەرای ئێوە تا چەند ئازادی والاتر بووە بۆ ژنان و کچانی ئەم شارە بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو پیاوان خاوەنی بڕیاری تایبەتی خۆیان بن ...؟**

**بوشرا جومعە :** لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکاندا هاتە ئاراوە، هەندێ ژنانیش لەم شارە بوونە خاوەن بڕیاری خۆیان، بەڵام هێشتا وەکو پێویست نییە، تاکو ئێستا عەیبەو عارە زۆرە، بە تایبەت لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا.

*** بۆچی رێژەی ژن لە دام و دەزگا حکومەیەکانی شارەکەدا کەمە.. هۆکارەکەی بە رای ئێوە بۆ چ لایەك دەگەرێتەوە، بە تایبەت ژنانی بەرێوەبەر...؟ تا چەند هەوڵتان داوە پێگەی ژن لەناو دام و دەزگاکانی حکومەتدا زیاد بکەن...؟**

**بوشرا جومعە :** هۆکاری کەمبوونی رێژەی ژنان لە دام و دەزگا حکومیەکانی شارەکە، دەگەرێنمەوە بۆ دەسەڵاتی پیاو سالاری، ئێمە نمونەمان هەیە، چەند ژنێك هەوڵیان داوە خۆیان کاندید کردووە بۆ وەرگرتنی پۆستەکان، بەڵام پشتگیری نەکراون، لەو هەوڵدانەیان سەرکەوتوونەبوون.

*** لە رووی راگەیاندنەوە، زۆر بێ دەنگ و لاوازن، هۆکارەکەی بۆ چ لایەك دەگەرێتەوە، ئایا لە رووی ئەم بوارە خۆتان کەمتەرخەمن، یاخود هاوکاریایتان ناکرێ ...؟**

**بوشرا جومعە :** ئێمە لەو بوارەدا کەم تەرخەم نین، کادیری چالاکمان هەیە، بەڵام هەندێ هۆکار هەن لەم شارەدا، بۆ نمونە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ناوخۆمان هەیە، کادیرەکانمان پێیان خۆشە شتی تێدا پێشکەش بکەن، بەڵام وەکو پێویست هاوکاری ناکرێن، بۆیە ناتوانین وەکو پێویست چالاکیەکانیان بخەنە روو بگەنە مەبەست، دواتریش ئێمە کێشەی ئۆتۆمبیل و بارەگامان هەیە، ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی نەتوانین نزیك خەڵك بین و کاری راگەیاندن بە شێوەیەکی پوخت ئەنجامبدەین، ئەمانەش هۆکاری سەرەکین بۆ لاوازبوونی راگەیاندنی یەکێتی ژنان لە شاری خورماتوو...

# لە مۆبایلدا عیشق دەدۆزێتەوە

**پشکۆ خاڵدانی**

رۆژانە لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە گوێبیستی زۆر کارەساتی قێزەون و دڵ تەزین دەبین، کە مۆبایل سەرچاوەکەی بووە، بەڵام ئەم جارەیان بە پێچەوانەوە.

(تاریق ئاسودە) گەنجێکی نابینای شاری کەرکووکە بەم شێوەیە ئەم چیرۆکەی ژیانی خۆی بۆ گێراینەوە:

ئەو وتی من هاورێی زۆربەی بەرنامە راستەخۆکانی رادیۆکانم هەمیشە کاتەکانی رۆژنەم بە گوێگرتن بەدیار رادیۆوە بەسەر دەبەم، چونکە رادیۆ بووەتە هاورێی هەمیشەییم. ماوەیەکی زۆر گوێم لە دەنگی کچێك بوو بە ناوی (رێناس) کە وەکو خۆم بەشداری دەکرد لە بەرنامە راستەوخۆکاندا لەرێگەی مۆبایلەوە، بۆیە بەبۆنەی دەنگی ئەو کچەوە زیاتر هۆگری رادیۆ بووم و تاکە ئاواتم ئەوەبوو ژمارەی (رێناس)م دەست بکەوێت، پاش یەك ساڵ چاوەروانی لەرێگەی هاورێیەکمەوە ژمارەکەیم دەست کەوت، بەڵام نەمتوانی لە هەفتەیەك زیاتر دان بەخۆمدا بگرم. بۆیە دوای هەفتەیەك بەهاوکاری براکەم نامەیەکی خۆشەویستیم بۆ ژمارەکەی (رێناس) نارد، خوشکەکەی (رێناس) یش خوێندبوویەوە، پاشان لە ماوەی کاتژمێرێکدا رازی دڵمان گۆریەوە و خۆمان بەیەکتر ناساندو دەردی دڵی خۆمان بۆ یەکتر باسکرد. وردە وردە لەیەك تێگەیشتین و پەیمانی خۆشەویستیمان بەیەکتردا. بۆ ئەوەی رێز لە وشەی خۆشەویستی بگرین چومە داوای و لە ( ١٦ ی ١ ی ٢٠٠٩) ئەڵقەمان گۆریەوە و لە( ٢١ی ١)ی هەمان مانگ چوینە ناو کەژاوەی زێرینی هاوسەرێتییەوە. ئێستاش لەگەڵ ماڵی باوکم ژیان دەگوزەرێنم و زۆر خۆشحاڵم وا دەزانم رێناس و مۆبایلەکەم چاوەکانمیان بۆ گێراوەتەوە، من و رێناس هەرچەندە بە دیداری یەکتر شاد نابین چونکە (رێناس)یش وەکو خۆم نابینایە بەڵام بەدڵ یەك ئەبینین . هەربۆیە (رێناس) نازناوی (بەختەوەر)ی هەڵگرتووەو بە (رێناس بەختەوەر) ناوی دەبەم.

(تاریق ئاسودە) لەکۆتاییدا وتی : من زۆر ئومێدم بە ژیان هەیەو خۆشەویستیش سنوری نیەو مۆبالیش ئامێرێکە خاوەنەکەی فەرمانی پێ ئەدا، چونکە وائەزانم مۆبایل چاوەکانی بۆ گەراندوومەتەوەو ژیانی بۆ پەیدا کردم و دەربازیکردم لە دەست تەنهایی و رۆژگاری تاریك.



مایکی ئازاد

## پرۆسەی ئامارو خوێندکاری بێ مامۆستا

بڕیاربوو ١٥ /٩ /٢٠٠٩ کە وادەی رەسمی دەسپێکی خوێندن بوو، دەرگای قوتابخانەو خوێندنگاکان بکرێتەوەو سەرەتای ساڵێکی نوێی خوێندن و بەدەستهێنانی مەعریفەو زانست دەستپێبکات، بەڵام هەر وەکو هەموو ساڵەکانی تر، بە بیانووی جۆراو جۆری وەك جەژن و چی چی، تا ١ /١٠ /٠٠٩ درێژەی کێشا، دەڵێن ( کات وەکو تیغە نەی بری، دەتبری)، بەڵام رۆژانە چەندان سەعات و مانگانە چەندان رۆژ و ساڵانە چەندان مانگمان بە هەدەرو فیڕۆ لەدەستدەچێ و کەسیش هەر ئەژماری ناکا، گرنگ ئەوەیە سەرمانگ بێ و مووچە وەرگرین و رۆژانی پشووش کە هەموو رۆژەکان وەکو پشوویان لێهاتوە بچینە دەرەوەی شار...تاد، ژیانێکی پڕ رۆتین و ساردو سڕ، دیارە من مەبەستم زۆربەی فەرمانبەران و کارمەندانی دەوڵەتە، کە بەرێژەیەکی زۆر ژیان بەو شێوەیە دەگوزەرێنن، بەداخەوە لەم وڵاتەی ئێمەدا تەنها کات بایەخ و بەهای نیە، کە بەرای من ئەوەی زۆر پێویستەو گرنگە بایەخی پێبدرێ کاتە..

دێمەوە سەر مەقسەد .. پرۆسەی ئامار بۆ ئامادەکردنی هەڵبژاردنەکان دەستیپێکرد، جێبەجێکردن و ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەش خراوەتە ئەستۆی مامۆستایانی قوتابخانەو خوێندنگەکان، کە قوتابخانەی وا هەیە (٦) مامۆستای لەو پرۆسەیەدا بەشدارە، کەچی قوتابخانەش هەن، تاقە مامۆستایەکیشی بەشدار نیە، لەو بارەیەوە لە هەندێ مامۆستام پرسی کەبۆچی ئەم جیاوازییە لە بەشداریکردن هەیە، وتی:"بە کورتی و بە کوردی ئەوەی (احباب) بوو ناوی نووسرا، چونکە دەڵێن پاداشتێکی باش دەکرێن!!"

قەدەری ئەم وڵاتەی ئێمە هەروایە، ئەوەی (احباب) نەبوو، بێگومان (اشرار)ە! هەر بۆیە دەبێ هەموو کات لەچاوەڕوانی و بەردەرگای بەرپرسەکاندا بێ تا بەهەزار ناڵی عەلی کارێکی بۆ مەیسەر بکەن، ...

ئێستاش قوتابییەکان رۆژانە دەچنە قوتابخانە بۆ وانە خوێندن، بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستا بە ئەرکێکی تر راسپێردراوە، ناتوانێ بێتە قوتابخانە، جا بۆیە قوتابیش هەر لە چاوەڕوانیدایە، تا ئەمە خوایە ئامار تەواو بێ!

ئاخر خەڵکینە شەش مامۆستا، واتە لانیکەم شەش وانە، واتە زیاتر لە ٣٠٠ تا ٤٠٠ قوتابی و خوێندکارلە وانەکانیان دوادەکەون یان رەنگە هەروا بەسەرپێی وانەکانیان پێبوترێتەوەو رۆژ بەرێبخرێ.. جا توخوا ئەمە کەی رەوای حەقە؟

**باوکی قوتابییەك**

# کێبرکێی جوانترین سەرکردەی سیاسیی جیهان



**ئا/ عوسمان عەلی ، کەنەدا**

لە کێبرکێی جوانترین سەرکردەی سیاسی جیهانی کە تێیدا ١٧١ سەرۆك و پاشای وڵاتانی جیهانی بەشداری تێدا کرد ." یۆلیا تیموشینکو " سەرەك وەزیرانی ئۆکرانیا پلەی جوانترین سەرکردەی جیهانی بەدەست هێنا . رۆژنامەی کوریرە دیلا سیرا " ی ئیتالیا ئەم راپۆرتەی ئاشکراکرد کە بەپێی لیستێك لە لایەن دەزگای " هوتێست هید ئۆف ستەیت " ئەنجامدراوە لە کێبرکێیەکدا سەبارەت بە جوانترین سەرۆك کۆمار و پاشا و سەرۆك وەزیرانی جیهان ئامادەی کردووە ، لەو کێبرکیەدا" یۆلیا تیمو شینکۆ " سەرۆك وەزیری ئۆکرانیا خەلاتی یەکەمی بەدەست هێناوە ،













پاشان " جینس ستۆلتین بیرگ " سەرۆکی حکومەتی نەروێژ پلەی دووەمی وەرگرت . هەروەها ژیامی خیسار وانگچۆك ، شای بۆتانا لە ریزبەندی سێیەم دەرچوو ، پاشان جۆزیف کابیلا سەرۆك کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی پلەی چوارەمی بەدەست هێنا ، هەروەها کریستینا فرناندز سەرۆك وەزیرانی ئەرجەنتین بە پلەی پێنجەم سەرکردەی جوانی جیهان دەرچوو . هەروەها بەپێی ریزبەندی لیستی دەزگای ناوبراو ئەلیکسەندەر لوکاشینکۆ سەرۆکی بیلاروسیا لەپلەی ١٢ هەم دیاری کرا ، باراك ئۆباما سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە خانەی ١٥دا جێی خۆی گرتەوە ، فلادیمیر پۆتن سەرەکی حکومەتی روسیا لە خانەی ١٨ هەم و نیکۆلا سارکوزی سەرۆکی فەرەنسا لە ریزبەندی ٢٨ و ئەحمەدی نەجاد سەرۆك کۆماری ئێران لە پلەی ٤٨ بەدەرکەوت ، ستیڤن هارپەر سەرۆکی حکومەتی کەنەدا لە خانەی ٦١ دەرکەوت . و سیلڤیا بەرلیسکۆنی سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا کە خۆی بە " دۆن جوان " ناوبانگ دەبات پلەی ٦٥ هەمینی بەدەست هێنا .

هۆگۆ چافیز سەرۆکی فەنزەویلا لە رێزبەندی ٩٧ و ئەنگیلا مێرکل راوێژکاری ئەڵمانیا پلەی جوانی ١٠٩ یەمی بەدەست هێنا .

لەبەشێکی دیکەی دەزگای " هوتیست هید ئۆف ستیت " کیم جۆنگ ئیل سەرۆك کۆماری کۆریای باکووری لە رێزبەندی ناشرینترین سەرکردەی جیهان دانا کە پلەی ١٧٢هەمی بەدەست هێنا . نوری مالیکی پلەی ١٣٠ تێپەڕاندووە . رێکخراوی هوتیست هید ئۆف ستەیت لە ماڵپەری ئینتەرنێت ئەم بابەتەی بڵاو کردۆتەوە خوێنەران بۆ دڵنیابوون دەتوانن سەردانی ماڵپەرەکە بکەن .





# کەرکوکی نوێ
kerkukynwe

ژمارە (٧٠) یەك شەممە ١/ ١١/ ٢٠٠٩

kerkukynwe@yahoo.com

نیومانگییەکی سیاسی گشتییە ، مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکی (ی.ن.ک) دەریدەکات





## هێمن دەریا میوزکژەنی بەتواناو هەمیشە ڕووخۆش

**هێدی گەلاڵی**

★هێمن دەریا : لەدایك بووی شاری سلێمانیە و لەساڵی ١٩٨٤ وە لە وولاتی ئەڵمانیا دەژی.

★میوزك دەژەنێت و کار لەسەر ئامێری (درامز) Drums کار دەکات.

★سەرەتای ژیانی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالی و گروپی چالاکی قوتابخانەکان و پاشان لەگەڵ گروپی بابان کاری کردووە.

پاشان خۆی هەڵدەستێ بە پێکهێنانی گروپێك بەناوی دەریا، زۆری نەخایاند گروپی دەریا چەند بەرهەمێکی گورانیان بەرهەمێنا وەك (خەنەبەندان، لەپاش تۆ و کۆچی تۆ .......هتد)، ئەم کۆمەڵە بەرهەمە جێگەی خۆی کردەوە لەناو دڵ و هەستی گەنجانی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی.

★پاش گەیشتنی بۆ وولاتی ئەڵمانیا دەست دەکات بە خوێندن لەبواری میوزیك تا بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە پەرە بە هونەرەکەی بدات، لەچەند گروپێك و بەستایلی جۆراو جۆر کاردەکات .

★هێمن دەریا، بیر لەوە دەکاتەوە، کار بۆ ئەوە بکات کە میوزیکی کوردی بەشێوەیەك بیژەنێتەوە ،جگە لەکوردان ئەوروپاییەکیش گوێی لێبگرێت و چێژی لێوەربگرێت ئەمەش بۆتە خەو و خولیای .

★پاشان چەند میوزکزانێکی بەتوانا کۆدەکاتەوە و گروپێك پێك دەهێنێت بەناوی (نانۆ بیت) NANOBEAT

* تائیستا چەندان کەنالی ڕاگەیاندن بەرنامە و ریپۆرتاژو چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازداوە، وەك (کوردسات و کۆرەك دوو کەنالی ئەڵمانی و رۆژنامەکانی ئەڵمانیا و سایتە کوردییەکانی ئەنتەرنێت).

★هێمن دەڵێ من ئامانجمە گەنجانی کورد گوێگری میوزیکی کوردی ئەکادیمی ببن، من نامەوێت میوزیکی کوردی بگۆڕم بەڵکو دەمەوێت دەوڵەمەندتری بکەم و میوزیکی کوردی تێکەڵ بەتورکی و فارسی نەبێت..

ئەمەوێت لەدەرەوەی کوردستانیش میوزیکی کوردی گوێگری هەبێت.

★لەماوەیکی کەم کلیپێکی نوێ بڵاودەکەینەوە، ئێستا خەریکی تۆمارکردنی بەرهەمەکانمانین.

★بەنیازین لەچەند ڤیستیڤالێکی گەورە بەشداری بکەین، بەکامەرانیەوە رۆژێکیش دێت لەکوردستان بەرهەمەکانمان پێشکەش ئەکەین، بێگومان پاش تێربونیان لە دەنگ بێژە تورك و فارسەکان.

شایانی باسە هێمن ساڵی پاریش بەکاری هونەری سەردانی وولاتی گامبیای کرد لە ئەفریقا.

### هەردوو هونەرمەندی لاو پاڤێڵ حەکیم و هەردی حەمید :

## بەم زووانە کۆنسێرتێك سازدەکەین



**نوێنەر فاتیح**

دوو لاوی ڕێکپۆش و جوانپۆش بەگیتار موزیك دەژنن و هەست و نەستی مرۆڤ دەهێننە جۆش، کاتێ لەگەڵیاندا دێیتە دووان زۆر بەهێمنی و بە گەروویەکی نەرم وەڵامی پرسیارەکانت دەدەنەوە.

هەردی حەمید وەك خۆی دەڵێ:"سەربەخۆ کار دەکەم، بەڵام هەندێ جار لەگەڵ گروپی تردا بەشدار دەبم"

هەردی لەدایکبووی شاری سلێمانیە" باڤێل حەکیم ئەندامی گروپی موزیکی (بابانی نوێ)یە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ وە دامەزراوەو هونەرمەند رۆژگار لەتیف سەرپەرشتی دەکا، باڤێل دەڵێ :" ئێمە زیاتر بە گۆرانی (ماڵێکی تاریك) ناسراین"

گروپی بابانی نوێ لە کۆمەڵێ لاوی هونەرمەند پێکهاتوون کە ئامێرەکانی گیتارو کلارنێت و بازگیتارو درام دەژنن.

ئەو دوو لاوە هونەرمەندە لە چاوپێکەوتنێکی (کەرکوکی نوێ)دا رایانگەیاند: کە بەنیازن بەمزوانە کۆنسێرتێك لە گۆرانی کوردی لەسەر ریتمی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی پێشکەش بکەن.




## بۆ بەردەم بەڕێوەبەرایەتی کارەبای کەرکوك

ئەم پەنجەرەو دەرگایە تەنها لەکاتژمێر (٨,٥ تا ١١,١٠) کراوەیە، ئەو کەسەی زۆر ئازایە دەتوانێ لەم ماوەیەدا پسووڵەی کارەبا رادەستی فەرمانبەرەکانی بکا. وا دیارە دەوام کردن لەم بنکەیە (حسب المزاج)ە، جا نازانین بەڕێوەبەرایەتی کارەبای کەرکوك ئاگادارە یان نا؟



## بۆ بەردەم ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

ئەوەی لە وێنەکەدایە پارچەیەك لەو خۆڵ و خاشاکە نیە فڕیدرابێ، بەڵکو مرۆڤە!!

لە وڵاتێکدا وەك (بێکەس)ی شاعیر دەڵێ: ( خاکی گەوهەرە، ئاوی کەوسەرە) مرۆڤ فڕیدراوەتە سەر (زبڵدان) تا ناچار بێ پاشماوەکانی سەر زبڵدان بخوا. ڕەنگە بڵێن چۆن؟ تەنهاو تەنها لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤە کەمئەندامەو عەقڵی لەکارکەوتوە، بەڵام ئایا مرۆڤ نیەو شایانی ئەوە نیە وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ؟!

## بڵاوکراوەی نوێ





**لەتیف فاتح فەرەج**

## کەرکوك و دیاردەیەکی ترسناك

چەند رۆژێکە لە کەرکوك دیاردەی رفاندنی هەرزەکاران ولاوان بە رادەیەك پەرەی سەندووە، کە هەندێك گەڕەك بە ترسەوە منالەکانیان دەنێرن بۆ قوتابخانە، بەر لە نووسینی ئەم بابەتە بە چەند سەعاتێك برادەرێك تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی خەڵکی گەڕەکەکەمان بیر لە چۆڵکردن وجێهێشتنی دەکەنەوە، چونکە لە چەند رۆژێکدا چوار رووداوی رفاندن روویداوە، کوشتنی مەسیحییەکان، رفاندنی منالی کورد و تورکمان، هاوکات و هاوزەمانی گێچەڵە سیاسیەکانن کە لێرە ولەوێ بە کەرکوك دەکرێن، بە بڕوای من حکومەت و دەزگاکانی پاراستنی گیانی هاوڵاتیان لەم شارەدا، بەرپرسیاری یەکەمی پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی شارەکەن، موچەش لە بەرامبەر ئەو ئەرکەدا وەردەگرن، بۆیە گەر لە کارەکەدا کەمتەرخەم بوون، بەر لەوەی کەس یەخەیان بگرێت، خۆیان لێپرسینەوە و لێپێچینەوە لە خۆیان بکەن، خەڵکی شارەکە خوازیاری ئەوەن پۆلیس و ئاسایش وسەربازی شارەکە لانیکەم دوان لەو رفێنەرانە بگرن و بەخەڵکەکە بڵێن کەسێك لە خەمی ئێوەدایە، هیچ بیانو و پاساوێك دڵی ئەو دایك وباوکانە ئاسوودە ناکات، دۆزینەوەی رفێنەرەکان نەبێت، لەنێو رفاندنەکاندا باس لە هەندێ چیرۆکی هەست بزوێن و کاریگەری وا دەکەن کە مرۆڤ تەنانەت شەرم لە گێڕانەوەشیان دەکات، دزین و رفاندنی مرۆڤ لە دەرەوەی هەموو رەوشتێکی ئینسانیدایە، بەڵام خۆ هەر ئەم تەرزە قسانە بەر بەکارەکە ناگرێت، بۆیە دەسەڵاتدارانی کەرکوك بە تایبەت لەم بارودۆخەی ئێستادا پێویستە بەچەند هەنگاوێکی ئەرێنی دڵی دانیشتوانی شارەکە خۆش بکەن، چونکە ئەوە چارەسەر نیە کە هەرکەس توانی خۆی بپێچێتەوە و شارەکە جێ بهێڵێ، دەشێ رفێنەرەکانیش هەر ئەویان بووێت، کەرکوك بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەی جۆراو جۆردایە، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە هەڕەشەکانی سەر ئەو شارە، گەرچی هەموو هەڕەشەکان رۆژێ دێ ببنە بڵقی سەر ئاو، تا ئەو دەمە، پێویستە هەمووومان هەر کەسە لای خۆیەوە بەکاری خۆی هەستێت، کەمتەرخەمیە گەورەکە ئەوەیە هەر کەس بە کاری خۆمان هەڵنەسین.

شاعیرێکی کەرکوکی ڕەوان شاد دەڵێ:

(هەزار برین وئێشم پێوەیە
هێشتا هی تریش وا بەڕێوەیە)
تۆ بڵێی تا کەی وابین !!


**خاوەنی ئیمتیاز**
مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوکی (ی.ن.ک)

**سەرنووسەر**
یاسین عزالدین محمود

**جێگری سەرنووسەر**
ئومێد مەحمود
omeedmahmood@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین**
فەرهاد هەمزە محەمەد
fhm_k2003@yahoo.com

**نەخشەساز**
محەمەد عەبدولوەهاب
m_kirkuk_2002@yahoo.com

EMAIL: kerkukynwe@yahoo.com YAN info@kirkukcenter.com / TEL: 210985

ناونیشان/ کوردستان/ کەرکوك
بارەگای مەڵبەند
بەشی راگەیاندن و رووناکبیری

ژمارەی متمانە/ (١٢٦) ٢٠/ ٤/ ٢٠٠٩
لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
چاپ: چاپخانەی نەورۆز



جگە لە سەروتار هەموو ئەو نووسینانەی بڵاودەبنەوە بیروڕای خاوەنەکانیانە و کەرکوکی نوێ لێیان بەرپرسیار نیە